Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpA.11

# نەریتە کولتوورییەکان لە ڕۆمانەکانی (سەید قادر هیدایەتی)دا، بە نموونەی ڕەهەندی بەها و نەریت

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Diyar Obaid Ali
diyar.o.ali@su.edu.krd

**دیار عوبێد عەلی**/ بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین–هەولێر،هەرێمی کوردستان،عیراق

**هیمداد حوسێن بەکر/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین– هەولێر،هەرێمی کوردستان،عیراق

RECEIVED :02 /03/2025
ACCEPTED :21/04/ 2025
PUBLISHED : 15/06/ 2025

**وشە سەرەکییەکان:**

کولتوور
بەها
نەریت
ڕۆمان
هیدایەتی.

**پوختە**

نەریتە کلتورییەکان لە رۆمانەکانی (سەید قادر هیدایەتی)دا، بە نموونەی ڕەهەندی بەها و نەریت. توێژینەوەیەکی زانستییە هەر چوار ڕۆمانی (سەید قادر هیدایەتی) وەک کەرەستەی ئەم توێژینەوەیە بەکارهاتووە. لە توێژینەوەکەدا پشت بە ڕێبازی (ڕەخنەی ڕۆشنبیری) بەستراوە، کە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان نەریتە کلتورییەکان و ڕۆمان. کەلتوور یەکێکە لەو چەمکە ئاڵۆزانەی مێژووییەکی درێژی هەیە، ئاراستەی جیاوازی لەخۆ گرتووە. بەها و نەریتەکان گۆڕانیان بەسەردادێت، نەریتی کۆن کاڵ دەبێتەوە، لە بەرامبەریدا شوێنگرەوەیەکی تازەی دەبێت.

لەم توێژینەوەیدا کۆمەڵێک پرسیار هەبوون بەپێی توانا وەڵامانداوەتەوە، وەکو چەمک و زاراوەی کلتور چییە؟ بەها و نەریت چییە؟ ئایا سەید قادر هیدایەتی توانیویەتی لە ڕۆمانەکانیدا تا چ ڕادەیەک ڕەهەندی بەها و نەریتە کلتورییەکان لە نێو دەقی ڕۆمانەکانیدا بەکاربهێنێت و سودی لێوەربگرێت؟

لە شرۆڤەی ڕۆمانەکاندا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کلتور بە شێوەیەکی بەرجەستە مەزرێنراوە و پرسی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردی زەقکراوەتەوە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(نەریتە کولتوورییەکان لە ڕۆمانەکانی (سەید قادر هیدایەتی)دا، بە نموونەی ڕەهەندی بەها و نەریت). هەوڵێکە بۆ زیاتر شیکردنەوەی ڕەهەندی بەها و نەریت، وەکو بەشێک لە کولتووری کۆمەڵی کوردەواری، کە بەها و نەریتەکان بەشێکی گرنگی لایەنی کۆمەڵایەتیین لە هەر کۆمەڵەیەکدا، بەهاکان دەتوانن ڕێنمایی تاکەکانی کۆمەڵ بکەن و ببنە ڕێنیشاندەریان و بناغەیەک دروست بکەن بۆ ڕێکخستنی سیستەمی ژیانیان لەناو پێکهاتەکانی کۆمەڵدا، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی نەریتە کولتوورییەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە ڕۆمانەکانی (سەید قادر هیدایەتی)دا، کە یەکێکە لە ڕۆماننووسەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

## سنوری توێژینەوەکە:

ســنوری توێژینەوەکە بە دیاریکراوی باســکردنی ڕەهەندی بەها و نەریتە کولتوورییەکانە لە ڕۆمانەکانی(ســەید قادر هیدایەتی)دا، بەتایبەتی هەر چوار ڕۆمانی ڕۆماننووس کاری تێدا کراوە و نموونەمان لێ وەرگرتووە، ئەم چوار ڕۆمانە لە ساڵی(2012-2022)، بڵاو کراونەتەوە.

## هۆکاری هەڵبژردنی بابەتەکە:

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی کولتوور لەنێو کۆمەڵی کوردەواری و ڕەنگدانەوەی لەنێو ئەدەبی کوردیدا بەتایبەتی، هەروەها زانینی تێڕوانینی ســــەید قادر هیدایەتی بۆ بابەتی کولتوور بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. لەلایەکی دیکەوە ئەم ڕۆماننووسە لەباشوری کوردستان یەکەمجارە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لە بارەوە دەکرێت، ئەمەش بە پێویست دەزانین، چونکە توێژینەوەی ئەدەبی کوردی بەبێ لێکۆڵینەوە ڕەوتی ئەدەبی لە ڕۆژهەڵاتدا کەموکورت دەردەچێ.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە ڕۆماننووســانی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان بناســێنێن و تێڕوانینەکانیان لەنێو ئەدەبدا بخەینە ڕوو، کە بەچ شێوازێک و زمانێک دەنوسن؟، چۆن سودیان لە دیاردە کولتوورییەکانی ناو کۆمەڵی کوردەواری وەرگرتووە، لە ڕۆمانەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە و بەچ شــێوازێک نووســیویانە، کە دەکرێت وەکو دیکۆمێنتیکی ئەدەبی و مێژوویی لە نوسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردیدا پشتی پێ ببەسترێت.

## ڕێبازی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (ڕەخنەی ڕۆشبیری)مان پەیڕەوکردووە، کە یەکێکە لە تازەترین میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لە جیهاندا.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە لەبەشی یەکەمدا، لە دوو تەوەرە پێک دیت: تەوەرەی یەکەم بریتییە لە ناساندنی زاراوە و چەمکی کولتوور، تەوەرەی دووەم بریتییە لە ناساندنی بەها و نەریت، بەشی دووەم پراکتیکیە خۆی دەبینێتەوە لە شەن وکەوکردنی(بەها و نەریتە کولتوورییەکان)لە کۆی ڕۆمانەکان (سەید قادر هیدایەتی)دا. جگە لە پێشەکی لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختەکەی بە هەردوو زمانی(عەرەبی و ئینگلیزی) نوسراوە.

## 1-ناساندنی زاراوە و چەمکی کولتوور

### 1-1 زاراوەی کولتوور

کولتوور چەمکێکی فرە ڕەهەندە و هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە، واتە چەمکێکی کاریگەرە. کۆمەڵە پێشکەوتووەکانی دونیا وەک پێوەر و ئامرازێکی پێشکەوتن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، لەبەرئەوەی پێشکەوتنی کولتوور،

واتە پێشکەوتنی هەموو یان زۆرینەی لایەنە ژیارییەکانی ژیانی کۆمەڵەیەک. ((وشەی کولتوور(Culture) لە وشەی لاتینی (Calture) و لە کاری (colere)وەرگیراوە، لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی بۆ چەند واتایەکی نوێ گۆڕاوە، لە ئەنجامی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ و کۆمەڵگە واتای نوێی لێ داتاشراوە، بەدرێژایی هەردوو سەردەمی فەرمانڕەوایەتی گریک و ڕۆمانەکان ئەم وشەیە بەواتای کێڵان و چاندنی زەوی بەکارهاتووە.))(محەمەد، 2007: 13)، ئەمەش مانای ئەوەیە کولتوور لە سەرەتادا بە هەموو داهێنانە نوێ و کاریگەرەکانی مرۆڤایەتی گوتراوە، چونکە چاندنی زەوی لە سەرەتادا یەکێک بووە لە داهێنانەکانی مرۆڤ و لە هەمانکاتیشدا بەشێک بووە لە کولتوور.

لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زیاد بوونی داهێنانەکانی مرۆڤ، مانای کولتووریش فراوانتر و ئاڵۆزتر بووە، چونکە لەگەڵ پەیدابوون و گەورەبوونی شار چیتر نەدەکرا کولتوور وەک مانای کشتوکاڵی چاندن لێک بدرێتەوە. دەکرێت بڵێین سەدەی هەژدەم ئەو ماوەیە، کە لە فەرەنسادا مانای نوێی کولتووری تێدا ڕسکاوە، بەوەی لە ساڵی(1700) مانا کۆنەکەی بەسەرچوو، کە پێشتر لە سەدەی سێزدەمدا و دەرکەوتبوو، لە (Cultura) لاتینیەوە هاتبوو بە مانای کێڵانی زەوی. ((لە سەدەی شازدەمەوە ئەو وشەیە چیتر دەلالەتی لە کێڵانی زەوی نەدەکرد، ئەو مانا مەجازییەش کە بۆ کولتوور بە واتای چاندنی بیر و باوەڕ لە مێشکی مرۆڤ داتاشرابوو، هەتا ناوەڕاستی سەدەی شازدەم جێگای خۆی نەگرت. لەوساوە وشەی کولتوور مانای پێشخستنی توانای دەگەیاند، بەڵام ئەو مانا مەجازییە بە شێوەیەکی زۆر بەکار نەدەهات، تا کۆتایی سەدەی حەڤدەم نەچووبووە ناو کایەیی ئەکادیمییەوە. لە سەدەی هەژدەمەوە ئەو چەمکە فراوانبوو تەواو جێگای خۆی گرت، بەوەی لە مانای کێڵانی زەوییەوە بۆ کێڵانی هزر گوێزرایەوە. کەواتە لە سەدەی هەژدەمدا مانای مەجازیی کولتوور خۆی سەپاند.))(کوشی، 2007:17). مەبەست لە مانای نوێی کولتووردا تەنیا لایەنی ماددی شتەکان نییە، بەڵکو لایەنە فیکری و لێکەوتە فیکرییەکانیش بە کولتوور دادەنرێن، ئەمەش بناغەیەکی هەیە و لەخۆوە نەبووە.((شیشرۆن لە بەکارهێنانی ئەم واتایە بە پێشەنگ دادەنرێت و بانگەشەی فەلسەفەی بۆ چاندنی ژیری و نەشونماکردنی کردووە.))(محەمەد، 2007: 14) دوای ئەمە ((نوسەرانی فەرەنسی بەتایبەتی ڕوناکبیرانی سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی ساڵی( 1789)زاییینی ئەم چەمکەیان گۆڕی و بۆ گەشەکردنی عەقڵ و ژیری بەکاریان هێناوە. کولتوور وەک هێمای بیری نوێ و هاوچەرخ دژی دەرەبەگایەتی بەکاردەهات.))( شوانی، 2010: 54) هەر بەم شێوەیە لە کۆتایدا ئەو واتایەی وەرگرت، کە بە مانای ڕۆشنبیری و شارستانیەت و ژیاری بەکاردێت.

لەگەڵ ئەوەشدا لە زمانی عەرەبی لە فەرهەنگی( لیسان ئەلعەرەب بەرگی (15) ئیبن مەنزور بەشێوەیەک ناسێنراوە، کە لە وشەی (تراث) بۆ دەلالەتکردن لە گەنجینەی مێژوویی میللەت بەکارهاتووە، ئەم وشەیە (تراث) لە کاری (ورث)ەوە وەرگیراوە، ئەو شتانەی، کە مرۆڤ لە دوای خۆی بە جێیان دەهێڵێت و دواتر لە (ورث- وارث- میراث)ەوە وشەی(تراث) هاتووەتە کایەوە)(عبید، 2014: 5). پاشان ئەم چەمکە گۆڕانی بەسەرداهاتووە، لە ئێستادا وشەی (الثقافة) بەرانبەر کولتوور بەکاردەهێنرێت.

لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا وشەی (فەرهەنگ) بەرانبەر وشەی کولتوور، کە بە واتای ( ئاوەز، عەقڵ، زانیاری واتا) بەکارهاتووە.(موکریانی، 1369: 524).

کولتوور: تورەکەیەکی بچکۆلانەیە کلی هاڕاوەی تێدەکرێت.( خاڵ، 2005: 361).

لەبارەی چەمکی کولتووریشەوە.((وشەی کولتوور لە زمانی ئەڵمانی و فەڕەنسی و (کەڵچەر) لە زمانی ئنگلیزیدا لە بەرامبەر وشەی لاتینی( Cultuar) وەرگیراو.))(ئاشوری، 2010: 98). نووسەرانی کورد هەوڵیانداوە وشەی ( Cultuar) لە ڕووی دەنگەوە تاڕادەیە وەکو خۆی یان کەمێک گۆڕانکاری تێدا بکەن و بەکاری بهێنن، بۆیە وشەکان وەک (کولتور، کولتوور، کەلتور)بەکاردێنن، سەبارەت بە لیژنەی فەرهەنگ لە ئەکادیمیای کوردیش ((چەمکی(کەلتوور، رۆشنبیری، رووناکبیری) بەرانبەر بە (Culture)ی ئینگلیزی بەکارهێناوە.))(ئەکادیمیا، 2006: 89). واتە ئەکادیمیای کوردی هەولێداوە گونجاندنێک لە نیوان ئەو زاراوە زۆرانەی بۆ کولتوور بەکاردێت بدۆزێتەوە، ئەکادیمیای کوردی هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردووە، پێشنیارەی بۆ توێژەر و نووسەر و خوێنەرانی کوردی کردووە. کە بەرانبەر چەمکی(Culture) کەلتوور و ڕۆشنبیر و رووناکبیر بەکاربهێنن.

کولتوور چەمکێکی زۆر گشتییە، بە شێوازی ژیانی باوی هەر کۆمەڵەیەکی مرۆیی دادەندرێت، لە بەراییترین کۆمەڵەی مرۆییەوە تا هاوچەرخترینی لە ڕووی پێشکەوتنەوە، چونکە هەر کۆمەڵەیەک ڕوانینێکی تایبەتی بۆ ژیان و جیهان هەیە، کە لە کولتوورەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە. کە وا بێت چەمکی کولتوور هەموو بەرهەمە مرۆییەکان دەگرێتەوە، لە ئامرازە بەراییەکانی بەرهەمهێنانەوە تا دەگاتە ئەدەب و هونەر و میسیۆلۆژیا و ئایین و ئاکار و تەواوی دیاردە و ڕواڵەتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، لە پۆشاک و خواردن و خواردنەوە و نەریت و ئادابی سەرخوان و دیاردە ماددییەکانی دیکەوە، تا دەگاتە سرووت و شێوازەکانی گوزارشتکردن لە پەیوەندی و پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان خۆیان، لە ڕاستیدا چەمکی کولتوور بە واتا گشتییەکەی لە هەموو چەمکە کۆمەڵایەتییەکانی دی فراوانترە.

## 1-2چەمکی کولتوور

چەمکی کولتوور بە سروشتی کەڵەکە بوو و بەردەوامی خۆی دەناسرێتەوە، دەرئەنجامی دەیەیەک یان چەند دەیەیەک نییە، بەڵکو بۆ هەموو دەستکەوتەکانی مرۆڤ میراتێکی کۆمەڵایەتییە. هەر پێناسەیەک بۆ کولتوور ڕەنگدانەوەی گۆشەبینی خاوەنەکەیە یان ئەو تیۆرییەیە کە بۆی دەگەڕێتەوە. وشەی کولتوور بۆ دەربڕینی چاندنی بیرۆکە و بەهاکان بەکارهاتووە.(بێگومان زیاتر لە دوو سەد پێناسەی کولتوور و سێ هەزار کولتوور لە سەرانسەری جیهاندا هەن، هەریەکە تایبەتمەندی و خەسڵەتی دیاریکراوی خۆیان هەیە.)(حەسەن، 2011: 9). کەواتە ناساندنی کولتوور و دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی کارێکی وا ئاسان نییە، تێڕوانینی جیاواز بۆ ئەو چەمکە ئاڵۆزە وای کردووە، بیرمان لە بەردەم خوێندنەوە و پێناسەی نوێ کراوە بێت.

لە گرنگترین پێناسەکان، کە جێگەیەکی بەرچاویان لە پێناسەکردنی کولتووردا هەیە، پێناسەی(ئێدوارد تایلۆر)ە، کە زیاتر لە سەدەیەک لەمەوبەر لە کتێبەکەیدا بەناوی" (primitive culture)کولتووری سەرەتایی"دا لە ساڵی (1871)کردوویەتی، کولتووری بەو شێوەیە پێناسە کردووە، دەڵێت: ( ئەو پێکهاتە ئاڵۆزەیە، کە زانین، بیروباوەڕ، هونەر، ئەدەب، ڕەوشت، یاسا، داب و نەریتەکان و هەموو پیرۆزییەکان دەگرێتەوە، کە مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا بەدەستی دەهێنێت، بەو سیفەتەی ئەندامە لە کۆمەڵگە، هەروەها ڕەگەزەکانیشی دیارکردووە، وەک: زمان، ڕێوڕەسم و ترادیسیۆن و جلوبەرگ و خانوو، پیشە و هونەر و زانستەکان)(الیوت، 2001: 50). دواتر پێناسەکانی کولتوور گشتگیرتر بوون و بە پێی تێڕوانینی لێکۆڵەران خراونەتە ڕوو، لە زۆر بوارەوە باسیان لێوە کردووە، بەڵام بە کۆی گشتی هەریەکەیان دەیەوێت کولتوور بەو شێوەیە بناسێنێت، کە خۆی مەبەستیەتی.

((کولتوور ئەو ڕایەڵە هەمەلایەنەیە، کە ئایدیا، بیر باوەڕ، نەریت، ئاراستە، بەها، شێوازەکانی بیرکردنەوە، کار و شێوازەکانی ڕەفتارە لەگەڵ هەموو ئەو داهێنان و تازەکارییانەی لەسەری دادەمەزرێن، کە لە سایەیاندا هەر ئەندامێک لە ئەندامانی گروپ گەشە دەکات. هەروەها هەموو ئەو شتانەش دەگرێتەوە، کە لە ڕابردووەوە بۆمان دەمێننەوە، وەکو خۆیان وەریان دەگرین، یاخود لەبەر ڕۆشنایی بارودۆخی ژیان و شارەزاییەکانمان پەرەیان پێ دەدەین. کەواتە بەکورتی ئەو بەشەیە لەو ژینگەی، کە مرۆڤ خۆی دایهێناوە.)(الرشیدی واخرون، 229:2004). کەواتە هەر شتێک لە لایەنی ڕوحی و ماددی، کە داهێنەری مرۆڤن لە خاڵ و ئەندازەی تێڕوانین قۆناغەکانی گەشەسەندنی مرۆڤایەتی لە سنوری کولتوور دەرناچێت.

کولتوور ((ئاوێنەیەکە، کە هەموو لایەنە کانی ژیانی مرۆڤی تیادا بەرجەستە دەبێت، یاخود کولتوور گشتێکە لە هەموو کات و شوێنێکدا لە دوو بەش پێک دێت، بەشێکی بینراو و بەرجەستەیە، بەشێکی شاراوە و نابەرجەستەیە، کە لە هزری مرۆڤەکاندا دەمێنێتەوە بەم بەشانەش پێکهێنەر و ڕەنگدانەوەی ژیان و ژیاری مرۆڤایەتین))(عبید،2014: 13)، کولتوور ئاوێنەیە، واتە ورد و درشتی ژیانی تاک یان کۆمەڵە یان کۆمەڵگایەک دەگرێتەوە، ئەو کۆمەڵگەیەش بەو تایبەتمەندییە کولتوورییانەی هەیەتی لە کۆمەڵگەیەکی دیکە جیا دەکرێتەوە، بۆیە کولتوور بەوە دەناسرێتەوە، کە (سیستەمێکی ڕێکخراوە لە ڕەفتارەکان، یان شێوەی گشتی ژیانی گروپێک یان چەند گروپێک لە خەڵک. ڕەگەزەکانی کولتوور وەک جۆرەکانی مەعریفە و هونەر و دابونەریت و بیروباوەڕەکان و بەها نۆرمەکان و بیروڕا هاوبەشەکان، واتە هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ لە ژیانیدا بەرهەمی دەهێنێت )(زێباری، شوانی،2013: 127).

کولتوور لایەنی لێکۆڵینەوەی زۆر دەگرێتەوە وەک کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی و زۆر لە زانستەکان لە گۆشەی تایبەتی خۆیاندا دەڕواننە کولتوور. هەوڵمان داوە بەگوێرەی نزیکی لەم بابەتەی ئێمە پێناسەکان وەرگریین. دوای خستنەڕووی ئەو پێناسانەی سەرەوە ئێمە دەتوانین بڵێین کولتوور هەموو ئەو لایەنە ماددی و نامادییانەی ( زمان، ئایین، داب و نەریت، زانست، بیروڕا، جلوبەرگ، کەرەستەکان، ئامرازەکان... )ی کۆمەڵ دەگرێتەوە، کە تاک لە ئەنجامی کرداری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە وەری دەگرێت یان بەکاری دێنێت، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە و ناسنامەیەکی دیاری کراو بەو کۆمەڵە و تاکەکانی نێو ئەو کۆمەڵە دەبەخشێت. لە ڕاستیدا کولتوور لە هەموو کۆمەڵێکدا ئەو ئامرازەیە، کە لە ڕێگەیەوە تاک هەوڵی خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا کولتوور هۆکاری یەکگرتوون و نزیکبوونەوەی تاکەکانی نێو یەک کۆمەڵگایە، ناسنامەیەکی دیاری کراو بەو کۆمەڵگەیە دەبەخشێت کە هەڵی گرتووە. کولتوور هەمیشە لە گۆڕاندایە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا، بەڵام ڕادە و شێوازی گۆڕانکارییەکان پەیوەندی بە جۆری کولتوور و وەڵامدانەوەی کۆمەڵگە بۆ گۆڕانکاییەکانە. ئەمەش دەمانباتە سەر ئەو ڕایەی، کە کولتوور لە هاوێنەیەک دەچێت کاتێک تیشکی پێدا تێدەپەڕێت، شیتەڵی دەکاتەوە بۆ ڕەنگە پێکهێنەرەکانی.

## 2-پێناسەی بەها و نەریت

بەها و نەریتەکان یەکێکن لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی کولتوور ڕوخسارێکی دیاری لایەنی کۆمەڵایەتییە لە هەر کۆمەڵەیەکی مرۆڤایەتیدا. بەهاکان وەک بنەما و ڕێنیشاندەر کاردەکەن، دەتوانن ڕێنمایی تاک و گروپەکان بکەن لە دیاریکردنی ئەوەی چ ڕاستە یان هەڵەیە، کاریگەری لەسەر هەموو شتێک هەیە، هەر لە هەڵسوکەوتی تاکەکەسیەوە تا سیاسەتی گشتی. لە کاتێکدا دابونەریت، کە بە درێژایی نەوەکان دەگوازرێنەوە، بوونەتە ئەو ڕەشنوسەی، کە بەهاکان بڕیاری لە سەر دەدەن، بەها و نەریت پێکەوە چوارچێوەیەک دابین دەکەن، کە کارلێکە کۆمەڵایەتیەکان بەڕێوە دەبەن، ناسنامەی کۆمەڵ پێک دەهێنێن، کاریگەری لەسەر پرۆسەی بڕیاردان هەیە و دەبنە یەکێک لەو ڕەنگانەی، کە کولتوورییان پێکهێناوە. بەها و نەریتەکان لە دەرئەنجامی تێپەڕبوونی مێژوویەکی دوور و درێژدا دروست بوون و ڕەگ و ڕیشەیان بە مێژوودا ڕۆچووە، لە کۆمەڵە سەرەتایی و سادەکاندا. دابونەریتەکان بە درێژایی نەوەکان دەگوازرێنەوە، وەک هەڵگری کرداری کولتووری و نۆرم خزمەت دەکەن. یەکێک لە ئامرازە سەرەتاییەکانی ڕێکخستن و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی نەریتەکان بووە، تەنانەت بە هۆی ئەوە ڕۆڵەی بەهاو نەریت لەو کۆمەڵانەدا گێڕاویەتی و ئەو کاریگەرییە زۆری لەسەر بارودۆخەکەیان دروست کردووە، هۆکار بووە بۆ ئەوەی بە کۆمەڵە نەریتییەکان ناوەزاد بکرێن.

بەهاکان نوێنەرایەتی بیروباوەڕی هاوبەشی کۆمەڵە دەکەن، ڕێنمایی کرداری تاک و کۆمەڵ دەکەن، هەرچەندە پێشتر یەکێک لە توخمە بنچینەکانی کۆمەڵ بوون، نەریت و بەهاکان بە تێپەڕبوونی کات، ئەم توخمانە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە قاڵب دەدەن، کاریگەری لەسەر هەموو شتێک هەیە لە زمان و هونەرەوە تا یاسا و سیاسەت، بەم شێوەیە یارمەتی گەشەی داینامیکی کولتوور دەدەن. بە گوێرەی ڕەوشی کۆمەڵە و قۆناغەکانی گەشەسەندنی گۆڕانکاریان بەسەر دادێت و مەرج نییە نەریتێک بەهایەکی بەرزی هەبووبێ، بەڵام ئێستا هەمان بەهای خۆی لە بازاڕی ئەمڕۆ مابێتەوە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، بەها و نەریتەکان ئەو ڕۆڵ و کاریگەرانە بۆ خۆی نامێنێ بەڵکو گۆڕانی بە سەردا دێت، ئەمەش دوای دەرکەوتنی یاساکان و ئاڵۆزبوونی کۆمەڵەکان، چونکە بەها و نەریتەکان وەکو پێویست لە توانایان نامێنێت ئەرکی ڕێخستنی کۆمەڵ لە ئەستۆ بگرن. لەگەڵ ئەوەشدا هەر وەک یەکێک لە ئامرازە لاوەکییەکان و ڕێخستنی کۆمەڵایەتی دەمێننەوە.

بەها بریتییە ((لە ڕێسایەک، یان نەریتێکی پەسەند لەنێو کۆمەڵە کەسێکدا، بەو پێیەی کاری پێ دەکەن، لە حاڵەتی دەرچوونی کەسی لێی دووچاری سەرزەنشتکردن دەبێت، لەو ڕێگەیەشەوە دەپارێزرێت. جیاوازی لە یاساکان دەستەیەکی تایبەت نییە بۆ ئەوەی تاکەکان ناچار بە پەیرەو کردن یان پەیوەندی پابەندبوونی بە بەهاکان بکەن.))(فیبر، 2011: 67)، واتە بەهاکان هەرچەندە دەوری ڕێسا و یاسیان بینیوە، ئەوە دەور و گرنگەی هەنگاوبەهەنگاو لە گەڵ گۆڕانی کۆمەڵەکان و بەرەوپێشچوونیان کەمتر بووەتەوە. نەتوانراوە وەکو یاسا و دەسەڵاتێک دابنرێت، بەمەبەستی چەسپاندن و پیادەکردنی. هەرچەندە لەکۆمەڵە نەریتییەکان لادان لێی واتە بڕیار مەرگت بەسەرخۆتدا داوە، هەروەکو

دەبینین بەهاکان دابەشکراوە. لێرەدا مەبەستی بەهای بەرز و باشە کەواتە بەهای نزم و خراپشمان هەیە، ئەم هەڵسەنگاندنە لە کۆمەڵەیەکەوە بۆ کۆمەڵەیەکی دی جیاوازە. ((کولتوور بە تایبەتیش توخمی هەرە گرنگی بەهایە، واتە نرخ، قیمەت، Value، چونکە هەر کەلوپەل و ئامراز و هەر فیکر و باوەڕێک بەهاکەی خۆی لە دەست بدات، ئەوە ناوەڕۆک و وەزیفەی کولتووری نامێنێت و کەواتە کەس پێوەی پابەند نابێت. لێرەدا دەتوانین بگەین بە ئەنجامێک، کە کولتوور بە گشتی گوزارشت لە بەها کۆمەڵایەتییەکانی توخمەکانی خۆی دەکات. ئەو بەهایانەن، کە مایەی مانەوە و بەردەوامبوونی سیستەمەکەیەتی.))(میران، 2021: 209). ئەو بەهایانەی، کە هەڵگری سیفەتێکی گشتی پەیامێکی جیهانین دەتوانن زیاتر بمێننەوە نرخی خۆیان لە دەست نەدەن.

((بەها کۆمەڵایەتییەکان. ئەو پێوەرانەن بۆ خەڵکی ڕوون دەکەنەوە، کە چ شتێک پێویستە لە ژیانیاندا بایەخی پێ بدەن، چ شتێک پێویستە لێی دووربکەونەوە، هەروەها دەکرێت بەها وەک ئامرازێکی دادوەری کردن بەکار بهێنرێت.))(ئامیدیان،2013: 116)، کەواتە بەهاکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لەوەی، کە ڕێنیشاندەر بن، ژیانی مرۆڤ ئاڕاستە بکەن و بەرەو ئەنجامێکی پەسەندکراوی کۆمەڵایەتی ببەن.

هەرچەندە بەها کولتوورییەکان لە کۆمەڵەیەکەوە بۆ کۆمەڵەیەکی دی دەگۆڕێن، بەڵام کۆمەڵێک بەهاش هەن، کە هەموو کۆمەڵەکان تێیدا هاوبەشن. واتە بەهاکان پێوەندی بە گروپە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، ئەوە گروپەکانن کۆمەڵێک بەها بۆ خۆیان دەستنیشان دەکەن و وەکو پێوەرێک بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و ڕۆشنبیریی بەکاریان دەهێنن.((بەهاکان لە ڕاستیدا چەمکگەلێکی گروپین لەوەی، کە لە ڕووی کولتوورییەوە باش و پەسەند و گونجاو یان ئەوەی خراپ و ناپەسەند و نەگونجاو بۆی دەڕوانرێت.))(موحسینی، 2002: 356) ،واتە بەها بریتییە لەو بۆچوونانەی، کە دەڵێن چ شتێک دروستە و چ شتێک هەڵەیە، بەهاکان پێوەر گەلێکن بۆ دادوەری کردن. بەهاکان پێوەرێکی کۆمەڵایەتین و خەڵکی لە سۆنگەی ئەوانەوە جوانی و دڵڕفێنی و خۆشییەکی کەس یان کردەوەیەک دەنرخێنن و دەیکەن بە ڕێنمایی ژیانی کۆمەڵایەتییان، واتە گەلێک بەهای وەکو (ئازادی) یان (هەلی یەکسان)(مافی مرۆڤ) بەها کولتوورییەکان نە تەنیا چۆنییەتی بۆچوونمان لەمەڕ کۆمەڵە پێک دێنن، بەڵکو داڕێژەری بنەمای کەسایەتیمانن. کەواتە بەها کولتوورییەکان کاریگەرییان لەسەر پێکهاتەی کەسایەتیمان هەیە، چونکە ئەو بەهایانە لە لایەن مرۆڤەکانەوە دادەهێنرێن و خۆشیان پێناسەیان دەکەن.

هەروەکو ناسێنراوە ((نەریتەکان ئاماژەن بۆ کۆمەڵێک ئەزموونی کۆمەڵایەتی وەرگیراو، کە تاک لەو کۆمەڵەیەی تیداپەروەردە دەکرێ و دەژێ و وەری دەگرێت، بریتین لەو شێوازە ڕەفتار و هەڵسوکەوتە پێکەوەییانەی، پێگەیەکی پیرۆزیان لای تاکەکانی کۆمەڵەیەکی دیاریکراو هەیە، لەبەر ئەوە بەبۆچوونی خۆیان ئەو کردە نەریتیانە شکۆیان دەپارێزێت و سەربەرزی و ئیعتیباریان دەداتێ، لەو کۆمەڵەیەدا تێیدا دەژین.))(ناصر، 2004: 166) واتە نەریتەکان وێنەیەکی پیرۆزییان پێبەخشراوە و پەیڕەوکردنییان ڕێز بەتاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەبەخشێت، کە لەلایان پیرۆزە، بە تاکێکی پارێزەر و بەرگریکەری ئەو گروپە دەناسێنرێت و پێگەیەکی تایبەتی دەبێت.

((نەریت لە ڕای گشتییەوە هێز وەردەگرێت، نەریتی بەنرخ و بەجێ و دروست دەمێنێتەوە و خراپەکانیش نامێنێت، دەبێت نەریتی بەنرخ ببێتە هۆی پێشکەوتن. شوێنەوار بەجێبهێڵێت لەسەر ڕێکخستنی کۆمەڵە و لە یاسا کەمتر نییە. ئەندامانی کۆمەڵە مل بۆ دابونەریت دادەنوێنن، چونکە کۆمەڵ لاساری پەسند ناکات.))(خەلیقی، 1992: 31). نەریتەکان لە کۆمەڵە سەرتاییەکان یاسا و ڕێسای سنووربەندی ئەو کۆمەڵەیە بوونە، بە هۆی پێشکەوتنەوە نەریتە باشەکان گەشەیان کردووە و نەریتە خراپەکانش پوکاونەتەوە و بەرەو نەمان چوون. ئەگەر وانەبووایە کۆمەڵە و گروپەکان بە شێوەیەکی چەقبەستوو دەمانەوە، لە بازنەیەکی داخراو دەسوڕانەوە.

لە نێو هەموو گروپ و کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، بە تێپەڕینی کات هاوکات لە ئەنجامی کارلێکی بەردەوامی کۆمەڵایەتی، دواتر لە ژێر کاریگەری چەندین هۆکاری دیکەی وەک پێویستی و چاولێکەری ... لە نێو تاکەکانی گروپ و کۆمەڵەکان وردە وردە جۆرێک لە نەریت دروست دەبێت. زۆرینەی تاکەکان پەیڕەوی دەکەن، دواجار ئەم نەریتانە وەک کولتوورێک خۆیان دەسەپێنن، دەبن بە بەشێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵە، هێز و توانایەکی مەعنەوی وەردەگرن.

بەها و نەریت بنەمای پێکهاتن و پاراستن و پەرەسەندنی کولتوورن. بەهاکان قیبلەنمای ئەخلاقی دابین دەکەن، کە ڕێنمایی و هەڵسوکەوتی تاک و کۆمەڵ دیاری دەکات. لە کاتێکدا نەریت دەربڕینی بەرجەستەی ئەو بەهایانە پێشکەش دەکات، کە بە درێژایی نەوەکان گوازراونەتەوە. کارلێکردنی بەها و نەریت یارمەتیدەرە بۆ شێوەپێدانی ناسنامەی کولتووری و بەردەوامی کردارە کولتوورییەکان مسۆگەر دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا لەم جیهانەدا کە زیاتر بەرەو جیهانگیری دەڕوات، ڕەهەندەکانی بەها و نەریتەکان دەکەونە ژێر کاریگەری و گونجاندن. سەرەڕای ئەم گۆڕانکارییانە، ڕۆڵی بنەڕەتی بەها و نەریت لە پێناسەکردنی کولتووردا نکۆڵی لێ ناکرێت.

## نەریتە کولتوورییەکان لە ڕۆمانەکانی (سەید قادر هیدایەتی) بە نموونەی ڕەهەندی بەها و نەریت.

ئەگەرچی بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵەی کوردەواریدا، لە زۆر ڕووەوە گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە، بەتایبەتی لە رووی کولتوورییەوە، لەناو کولتووریشدا بەها و نەریتەکان، بەڵام ئەوە بە مانای لە دەستدانی کاریگەری ئەو لایەنە بەسەر ڕەهەند و ڕوخسارە کۆمەڵایەتییەکان وەکو شێوازی ژیان، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نایەت، بەڵکو تاکو ئێستاش بەها و نەریتەکان ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندن و بە کۆمەڵایەتیبوونی تاکاندا هەیە. کەواتە ئەگەر بە تێڕوانینی ڕووڵەتیانیانە لە کۆمەڵی کوردی بڕوانین لەوانەیە کاریگەری بەها و نەریتەکان تێدا زۆر بە ڕووکەشی دەربکەوێت، بەڵام لە جەوهەردا بابەتەکە بە شێوازێکی دیکەیە بە لەبەرچاوگرتنی ڕێژە و ئەو گۆڕانکارییانەی ڕوویانداوە، ئێستاش بۆنە و ڕێوڕەسمەکان لە لایەن ڕێساکانی بەها و نەریتەوە ئاراستە وەردەگرن، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و تۆڵەسەندنەوە و دوژمنداری و کوشتن لەسەر کێشەی نامووس و پەیوەندی خێڵەکی... تاد، لەناو کۆمەڵی کوردی هەرماون، ئاشکرایە ئەو بابەتانەش پەیوەستن بە بەها و نەریتەوە، کەواتە کۆمەڵگەی کوردی مۆرکی خێڵەکی بوونەکەی هەر پێوە دیارە.

### 1-بابەتی ڕەدوکەوتن و هەڵگرتن:

لە ڕۆمان، زۆرجار ژنان ڕۆڵی سەرەکییان گێڕاوە، کە ڕەنگدانەوەی چالاکییە ئاساییەکانی ڕۆژانەن، تێکۆشان و سەرکەوتنەکانی سەردەمی خۆیانن بۆ تیشک خستنە سەر ئەوەی، کە چۆن ژنان وەک هۆکاری گۆڕان، هێمای چاکە، یان بابەتی ڕەخنە وێناکراون، هاوشانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان پەرەی سەندووە. لە ڕۆمانەکانی (هیدایەتی)دا ژنان هێمان بۆ چاکەکاری و بە بەزەیی و ئازایەتی و بەوەفای و هەڵگەڕانەوە دژی هەندێک نەریتی نەخوازراوی کۆمەڵایەتی کەسایەتییان وێنەکێشراوە، دەرکەوتنی کارەکتەری ژن ئاڵۆز و فرەلایەنی بەخۆوە بینیوە، تەنها بە شێوەیەکی یەک ڕەهەندی وێنە نەکێشراوە.

دیاردەی ڕەدوکەوتن وەکو دیاردەیەکی کولتووری لە کۆمەڵی کوردیدا بوونی هەیە، لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و سەردەمەکانی گەلی کورد، بە شێوازی جیاواز هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە، ((ڕەدووکەوتن، مەسەلەی بە گژداچونەوەی ئافرەتە، کە بە درێژایی مێژوو هەوڵوتەقەلای پڕ شانازی لە چوارچێوەی ئەو دابونەیتەدا تۆمارکردووە، بۆ گوزارشکردن لەسەربەستی و ڕەتکردنەوەی هەر هەموو بەها و مۆڕاڵی پیاوسالاری و گومان خستنە سەر دابونەریتێک کە تەمەنی هەزار ساڵە، بە درێژایی سەدەکان ڕەگی داکوتاوە، کە هەر هەموو پایەکانی ئەو مۆڕاڵ و دابوونتە لەسەر پیرۆزکردنی دەسەڵاتی پیاو دامەزراوە.))(نورەدین، 2007: 5)، کەواتە نووسەر لێرەدا زیاتر وەک پەرچەکردارێک وێنەی ڕەدوکەتن دەکێشێت، دژی نەریتێکی سەپێنراوی پیاوسالاری دەوەستێتەوە، هەرچەندە مێژوویەکی کۆنیشی هەیە.

ڕۆماننووس، ئەم دیاردەییەی بە شێوەیەکی واقیعی ڕیالیزمی، لە ڕۆمانەکانی پیشانداوە، چونکە لە ڕۆمانەکانی بەشێک لە مێژووی کورد و واقیعی ئەو سەردەمە زیاتر بەرچاو دەکەوێت، لە کۆمەڵەیەکی داخراوی دواکەتووی وەک کۆمەڵی کوردەواری، بابەتی ڕەدوکەتن بەرگوێمان دەکەوێت. (هیدایەتی) لە ڕۆمانەکانی ڕەدوکەوتن وەک کردارێکی نەرێنی لە ژیانی مرۆڤ پیشانداوە، بەڵام هەمیشە هۆکاریکی دی بۆ ئەم دیاردەیە بوونی هەبووە، هەرچەندە ئەم نەریتە، نە لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە بە کارێکی باشی دەزانێت و نە لەڕووی ئاینییەوە ڕێگە پێ دراوە، بەڵام وەک تێبینی دەکرێت، ڕۆماننووس بەپێچەوانەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان پشتگیری دەکات. پێیوایە جۆرێک لە یاخبوونی ئافرەتە دژ دەسەڵاتی پیاو و

سیستەمی پیاو سالاری، توانیویەتی چ وەک بابەت و چ بۆ درێژکردنەوەی ڕووداوەکان سوودی لێ وەربگرێت. (ژن هەڵگرتن لە کۆنەوە زۆر ڕووی داوە، کوڕ و کچ حەزیان لە یەکتری کردووە بە نهێنی، جاری واش هەبووە داوای کچەکەی کردووە، بەڵام لەلایەن خێزانەکەیەوە ڕەتکراوەتەوە و نەدراوە پێی، بەناچاری لە ئەنجامی ئەو خۆشەویستییەیان کە لە نێوانیانە، کوڕە کچەی هەڵدەگرت و ڕوویان لە جێگایەکی تر دەکرد دوور بێت لەماڵی هەردوو لایانەوە.)(عەزیز، 1988: 164)، کولتووری کوردی بێبەش نییە لەم دیاردەیە، هەندێکجار کێشەی کۆمەڵایەتی گەورەی لێ کەوتووەتەوە. (هیدایەتی) بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەم بابەتەی لە کەسایەتی (فاتم و شاریێ)دا، وەک بەشێک لە ژیانیان وێنەی کێشاوە، کە ڕەنگدانەوەی بەسەر تەواوی ژیانیانەوە هەبووە. ((دەروێش کامیلی مێردی هەڵی گرتبوو. دەروێش کامیل لە سەفەرێکدا ئاشقی ببوو و لە شارێکی دیکەوە هێنابووی و پێش هەموو شتێک بردبوویە تەکیە دابوویە دەستی خاتوو گوڵەندام و بە سەرهاتی بۆ گێڕابووە. بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوە زۆر نەخایەنێ و دنیا پێی نەزانێ، ئەو زاتە لە ڕێوە ناردبووی کەس و کاری فاتم هاتبوون. بۆ خۆی مەسڵەتی بۆ کردبوون و لێکی مارە کردبوون و تۆبەی دادابوون.))( تۆقی عەزازیل، 1397: 77). ئەم شێوازە ڕەدوکەتنە زیاتر لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا باوە، ڕۆماننووس زیرەکانە، ئەوەی ڕوونکردوەتەوە، سەید (کامیل) لە ڕێگای عەشقەوە (فاتم)ی هەڵگرتووە، هەر بۆیە دەیباتە تەکیە لای گوڵەندام خانم، تاکو کارەکەی بۆ پێکبهێنێت، وەک شایەدێکیش ئاگاداری پاکی و دەست لێنەدانی فاتم بێت. هەر لێرەدا هێز و دەسەڵاتی گوڵەندام خاتوون و ڕێزی شوێنە ئایینییەکان لە کۆمەڵ دیاری دەکات، چەند بە خێرایی و بە توانای دەنێرێتە دوای کەس و کاری فاتم و سوڵحی بۆ دەکات، فاتمیش لە دەرویش کامیل مارە دەکات، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی کرداری کوشتن و توندو تیژی بین، زۆر بەخێرایی کارەکە کۆتایی پێدیت، هەر ئەمەش مەبەستمانە لە سەردەم و ناوچەکانی کوردستان لێکدانەوە، هەڵسوکەتکردن لەگەڵ دیاردەی ڕەدوکەتن جیاوازە، لە هەندێک ناوچە، تاکو ژنەکە نەکوژن بە هیچ شێوەیەک ڕێک ناکەون. کەواتە هۆکاری ڕەدوکەتنی فاتم پاشخانێکی پیاو سالاری لە پشتەوەیە، خۆشەویستی عشق لەو ناوچەیە شتێکی نەویستراو قەدەغەیە، هەر بۆیە تاکە ڕێگا ئەوەیە دەروێش (کامل) پەنا بۆ هەڵگرتنی (فاتم) دەبات و دەیباتە تەکیە، کە شوێنێکی پیرۆز و ڕێز لێ گیراوە لە نێو کۆمەڵی کوردەواری پلە و پایەی خۆی هەیە.

هەرچەندە باوکی شاریێ (وسوخان) سێ ژنی دی هەبوو، بەڵام پەیمانیدابوو، هەر ژنێکی دووجار لەسەر یەک کێژی ببێ ئەوا ژنی بەسەردا دێنێت، هەر بۆیە کاتێک ژنی سێیەم دووجار لەسەریەک کچی دەبێت، ئەویش بۆ هێنانی ژنێکی دی چاوی دەچێتە سەر کچی (کوێخا فەرەج)، کوێخا فەرەجیش بە هیچ ڕازی نابێت تەنها ئەگەر (شاریێ)ی بدەنێ.((لەو مەجالەی ڕدێن سپی و پیاو ماقووڵان مەجلیسی تەزویج و مارەبڕینیان گرتووە، شاریێ کەلێنی وەگیر هێناوە و سواری "خەدەنگ" بووە لێیان چۆتە سەر ڕندۆڵ و بابۆڵی پیرەزەرزا...بەڵان مەلا بە مەجلیسی گۆتووە کێژ قایل بوونی پێ ناوێ! بە قیلەشەرعەک گورزەهونی داوێمە ئەستۆ و لە ملی کوێخای دەجەڕێنم. مەجلیس گۆتوویە سەیدا ئەتوو چا ساغ و ئەمە پاکن کۆرین. مەلا لە کیتابی نۆڕیوە و پاشان گۆتوویە بە قیلی "وەلی موجبیر" شاریێ بە ئیزن و مۆڵەتی بابی و بە شایەدی حازریانی مەجلیس بە هاوسەری و هاوکووفیی کوێخافەرەج تەزویج و تەنکیح دەکەین))(بەردینە، 1401: 16)، ڕۆماننووس لەم دەقەدا لەگەڵ ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا نییە، کە بەبێ ڕەزامەندی کچ باوک لە کەسێکی دی مارەی بکات. ڕەخنە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە دەگرێت بە شێوەیەکی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە خستوویەتەڕوو، هێرش دەکاتە سەر مەلایانی ئایینیش بەو کارەی دەی کەن بەردەوام دەقێک دەدۆزنەوە، تاکو ئەو کارەی مەبەستییانە بەجێی بهێنن. هەر چۆنێک بێت و بێ ئەوەی هەست و سۆزی کەسی بەرانبەر لەبەر چاو بگیرێت، دەبنە لایەنگری ئەم جۆرە کارانە، لە زاری گێڕەوەی هەمووشتزان باس لە حاڵەتی مارەبڕینی (شاریێ) دەکات، ئەوە ڕوون دەکاتەوە لە کۆمەڵی کوردیدا ئەم شێوازی ژن مارەبرینە چۆنە و تاکو ئێستاش ماوەتەوە، بەڵام دەتوانیین بڵێین تاڕادەیەک بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی خەڵک و مەلایانی ئاینی ئەم دیاردەیە کەم بووەتەوە، کە زۆر جار بەبێ ئەوەی کیژ بزانێت و ڕازی بێت باوک وەک وەلی ئەمر خۆی بڕیار دەدات، کە کچەکەی بداتە کێ. هەر لێرەوەش جارێکی دی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە بەشێوەیەکی خێرا باس دەکرێت، چۆن کۆمەڵ زۆر جار لە ئاستی ناحەقی و ناڕەوایی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بێ دەنگی هەڵدەبژێرن، بە هیچ شێوەیەک ئامادە نیین بەرگری لە مافی زەوتکراوی کچەکە بکەن، کە مافی خۆیەتی بەڕەزامەندی

خۆی شوو بکات، هەر ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی شارێ ڕابکات و بە دووای (بەنگین)ی خۆشەویستی بگەڕێت و لە پێناویدا توشی زۆر دەربەدەری و چەرمەسەری بێت و باوک و برا و خێزانەکەی هەوڵی کوشتنی بدەن، چونکە بۆتە لەکەی شەرمەزاری بۆ بنەماڵەکەیان.

## 2-بەشوودانی زۆرەملێی ژن :

ئەم بابەتە کولتوورییە بەشوودانی زۆرەملێ، یەکێکە لە دیاردە کۆمەڵایەتییە نەرێنییەکان، کە کاریگەری قووڵی لەسەر کۆمەڵ هەیە، ئەم دیاردەیە نەک تەنها مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکات، بەڵکو کاریگەری درێژخایەنی لەسەر تەندروستی دەروونی و جەستەیی قوربانییەکان هەیە. بەشوودانی زۆرەملێ بریتییە لە ناچارکردنی کەسێک بۆ هاوسەرگیری بەبێ ڕەزامەندی خۆی. ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی بەرچاو لە کۆمەڵە نەریتییەکاندا هەیە، زۆرجار پاساوی کولتووری و کۆمەڵایەتی بۆ دەهێنرێتەوە، (هیدایەتی) لە ڕۆمانەکانی ئەم دیاردەیە دەخاتە بەرچاوی خوێنەر، بۆ ئەوەی شارەزایی بکات، لە کاریگەرییە خراپەکانی، کە چۆن دەبنە هۆی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵ.
هیدایەتی مەبەستییەتی ئەم دیاردەیە زیاتر ڕوون بکاتەوە و لایەنی دەروونی خێزانی کاک سەعید بە خوێنەر ئاشنا بکات. ((تۆ ئاوا جوان و بالا بەرز و ئەو کوێرە پیر و، زمانم هەڵناسوڕێ هەر لێم گەڕێ خاڵە غەفوور گیان. دەستم لێ مەدە با برینم نەکولێتەوە وەڵلاهی برایەکم بە زۆر و زۆرداری سەپاندمی بە سەر ئەو پیرەکەرەدا. دەنا من و ئەو؟ ئم! ئەو شەرع و شوورەیی بۆ نییە شتێکت لێ بپرسیم هینە جا هیچیشی پێ دەکرێ... کورە نەوەڵلا ئەو کاڵەکە کرمێیە هیچی پێ نەماوە))( گۆڕەشار، 1403: 37)، لێرەدا کارەکتەری خاڵە غەفوور خۆی دەنوێنێت، کە کەسێکە خۆی لە زۆر بابەت هەڵدەقورتێنێت و خۆی دەباتە پێشەوە، لە ڕێگەی ئەم کەسایەتییەوە ڕۆماننووس ڕەخنە لەو دیاردەی پیاوسالاری دەگرێت، کە چۆن براکەی بەزۆر خوشکەکەی هەرچەندە منداڵە داوەتە پیاوێکی پیر. لایەنی دەروونی خەمۆکی بە ژنەکەوە دیارە و بێدەسەڵاتی ڕوون دەکاتەوە. هیدایەتی لە ڕێگەی پرسیارەکانی خاڵە غەفوور ئەوە ڕوون دەکاتەوە. کاک سەعید هەرچەندە نەخۆشە، سەرەڕای ئەوەش لە ڕووی سێکسییەوە هیچی پێ نەماوە. هەر ئەم شێوازە بەشوودانە، بەزۆری و بەبێ ڕەچاوکردنی ئارەزوی ژن دەبێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندی خێزانی و زیاد بوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان. باڵادەستی برا لە خێزانی کوردیدا زیاتر جێگەی سەرنجە و زیاتر وا پیشاندراوە بیر لە بەرژەوەندی خۆی دەکاتەوە نەک خوشکەکەی، لە ڕێگەی وشەکانی(پیرکەرو، کاڵەکە کرمێیە)، ڕادەی بێزاری ژنەکە بەرانبەر کاک (سەعید) و بێتوانای لە ڕووی جنسییەوە، زیاتر بەر چاوی خوێنەر دەکەوێت و ڕای دەچڵەکێنێت، لەو دیاردەیەی، کە زیاتر پیاوان لە ژیانی خێزانەکانیان بەرپرسن، ئاگاداری دەکاتەوە لە ئەنجام وکاریگەرییە خراپەکانی.
(عەتاخان)ی باوکی (مەلەک) کەسایەتییەکی خێڵەکییە، خاوەن عەشیرەتە، قسە قەسەی خۆیەتی. مەلەک خانی کچی پێشکەشی شێخ باپیر دەکات،((مەلەکەخانم کچێکی چاوشینی سپیکەڵانەی نێوقەد باریکی هەمیشە دەم بە قاقا و پێکەنین بوو. من حەدی ئەوەم نییە بڵێم جوانی دڵرفێنی و دەم بە پێکەنینی ئەو، زۆر بەرچاو بوو. تەمەنی سێزدە چاردە ساڵێک دەبوو نەدەبوو...ڕاست لەو کاتانەدا بوو هێز و ئاماژەی نادیاری ئەو مەشایەخە، خستیانە دڵی عەتاخانەوە هەتا بۆ پارێز لە دەسەڵات و ملک و ماڵەکەشی بێ، دەست بگرێ بە خاوەن شکۆ و پێشەنگی خواناسان، سەروەر و سەرگەورەمان حەزرەتی شێخ باپیر... لەو کاتەدا تەمەنی سی و پێنج ساڵ دەبوو... مەلەکەخانمیان لە دیوەخانی خانەوە گوێستەوە بۆ ڕووگەی دەروێشانی ناودار و مەزنەماڵێکی وەکوو وتەکیە حەزرەتی شێخ حەمدوون.))(تۆقی عەزازیل، 1397: 52-53). ڕۆماننوس دەیەوێت ئەوە بڵێت، هەرچەندە مرۆڤ پێگە و دەسەڵاتی هەبێت، ئەوە مانای ئەوە نییە، بەدوای دەسەڵات و موڵک و ماڵی زیاترەوە نەبێت. (عەتاخان) یەکێکە لە سەرۆک عەشیرتە بەناوبانگ و خاوەن دەسەڵاتی ناوچەکە، بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر خۆی بباتە پێشەوە و بۆ زیاتر دەرخستنی ناوبانگی، بەمەبەستی بینینی شای ئێران و نیشاندانی، کە ئەو کەسایەتییەکی گرنگی ناوچەکەیە، ئەمانە هۆکار بوون، تاکو عەتاخان کچەکەی کە هەرچەندە بچووک بوو بداتە شێخ باپیر، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی حەز و ئارەزوو و جیاوازی تەمەنی کچەکەی بکات، کە بەلای کەمەوە نزیکەی بیست و یەک ساڵ جیاوازی تەمەن لە نێوانیاندایە. سەرەڕای ئەوەی مەلەک خانم لە هەرەتی پێگەیشتندایە و هێشتا قۆناغی منداڵی نەبڕیوە. لە کۆتایدا هەر ئەم هۆکارە بووە هۆی ئەوەی مەلەک خانم توشی خەمۆکی بێت و لەگەڵ کەس قسە

نەکات و تێکەڵاوی کەس نەبێت. لە ئەنجامدا بووە هۆی مردنی. ڕۆماننووس زیرەکانە ئەم دیاردەیە کۆمەڵایەتیەی کولتووری کوردەواری لەو دەقەی سەرەوە ڕەنگرێژ کردووە، وەک پزیشکێکی دەروونی کاریگەرییەی خراپەکانی دوای ئەو جۆرە بە شوودانەی ڕوون کردووەتەوە، بە هیچ شێوەیەک پشگیری ئەم جۆرە بەشوودانە ناکات، چونکە لە کۆتاییدا خێزانێکی ناتەندروست لە کۆمەڵی کوردەواری دروست دەبێت، ئەوەش بەرەو کۆمەڵەیەکی ناتەندروستمان دەبات.

## 3-ئازایەتی وبەڕێوەبردنی خێزان و دڵسۆزی ژنی کورد:

بوێری و دڵسۆزی ژنی کورد لە کۆمەڵ و مێژوو و ئەدەبیاتی کوردیدا بابەتێکی چەسپاوە، ئەم سیفەتانە، کە بەهۆی دژواری و نەهامەتییەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی گەلی کوردەوە بوونەتە وێنەی جوانی ژنی کورد، کە وەک بەرگریکارێک و پاراستنی ناسنامەی کولتووری کوردی دەردەکەون. ژنی کورد لە مێژووی گەلی کورددا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە و هەیە. مەلا مەحموودی بایەزیدی دەڵێت: (( هەر کە زانیان دوژمن بەرەو ڕوویان دێت، ئەوا تەپڵ و دەفەکانیان لە جێگایەکی بەرز لێ دەدەن، بۆ ئەوەی دەنگەکان بگەنە هەموو ناوچەکان، جا لە هەر کاتێک بێ کاتێ گوێیان لە تەپڵ و دەف دەبێ، هیچ کەسێک نامێنێ هەموویان بە خێرایی سواری و پیادە، بە دەنگ دەفەکەوە دێن و هەر ژنێکیش دارێک دەگرێ بە دەستەوە و خۆیان ئامادە دەکەن بەرەو شەڕەکە دەڕۆن و یارمەتی پیاوەکانیان دەدەن زۆر جار ڕوو دەدات ژنان دەکوژرێن و بریندارێ دەکرێن.))(بایەزیدی، 1983: 170)، کەواتە بەدرێژایی مێژوو ژنی کورد هەمیشە لە پشتی پیاوی کوردبووە، چ لە جەنگ بێت و چ لە پەروەردەکردنی منداڵ و دڵسۆزی خۆی بۆ خێزانەکەی دووپات کردووەتەوە.

ئەم ڕۆڵە گرنگە لە ڕۆمانی(بەردینە)دا هیدایەتی جەختی لێ کردووەتەوە، بووەتە سەرچاوەی ئیلهام بۆی. ((لەپڕ ژنێک لەنێو قزڵباشانەوە چووە ناوەندی حەوش و حەساری قەڵا. جل وبەرگی کارەکەر و قەرەواشانی لەبەردا بوو. هێک بە قەڵا نەهرەتەی لێ دەدا، پەڕی مەیدانی گرت و پاڵەوانی دەخواست بۆی بچنە مەیدان...ژنە و چەند پیاوی هاوڕێی ڕاوەستان دا کوڕی حەسەنخان و سوارانی بچنە تێ. لە پڕ و نەکاو، بە شیر و ڕمبان تێیا ڕاخورین. بوو بە گوڕڕە و هەو هەوی سواران و بڵێسەی شیر و ها بگرەی شیروەشێنان و شەقەی ڕمب و دە بمرەی ڕمداران...کڵاوسوران تاق بەتاق خینیان کەوتە چەکمان، سوارانیان دانە بە دانە ڕکێفیان بەتاڵ دەکردن و پیادانیان کەلاکیان دەکەوتە مەیدان))( بەردینە، 1401: 212-213).

دوای کوشتنی میرخان و خانی موکری، پەریزاد خاتوون خێزانی میرخانی لەپزێرین لە قەڵای دمدم وەک کارەکەر مابووە، بەڵێنی دابووە خۆی شین نەگێڕیت، تاکو تۆڵەی خۆی لە قزڵباشان نەکاتەوە. ئەم وێنە دراماتیکییەی کە ڕۆماننووس دروستی کردووە، ڕاستەخۆ خوێنەر ڕادەکێشێتە ناو ڕووداوەکان. (هیدایەتی) جەخت لەوە دەکاتەوە ژنی کورد هەمیشە خاوەنی بەڵێنە و بەڵێنی خۆی دەباتە سەر، خۆڕاگر و بەسەبرە، تاکو لە کاتێکی گونجاوی هەلی بۆ هەڵدەکەوێت بۆ تۆڵەکردنەوە. ئەو ئازایەتییەی پەرێزاد خاتوون و کوشتنی دوژمنانی بەدەستی خۆی، تۆڵەکردنەوەی میرخانی مێردی، ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە ژنی کورد دڵسۆز و ئازا و بەوەفان بەرانبەر مێرد و خێزانەکانییان، هەرچەندە لێرەدا ڕۆماننووس وەک نوێنەری هەموو ژنێکی ئازا و بە هەڵوێست توانیویەتی وێنەی بکێشێت، بە خەیاڵێکی فەنتازی جوان ڕادەی بەڵێن و دڵسۆزی ژنی کورد نیشان بدات.

جارێکی دیکە هیدایەتی ئازایەتی وەکو تایبەتمەندییەکی دیاریکەری ژنانی کورد لە ژنانی دی جیایانی کردووەتەوە پیشانی خوێنەری دەدات. ((دەڵێن ژنیان لە پیاویان دڕندەترن. حاتم بەگ دەیگۆت ئەو دەستە سوارەی ئەو ڕۆژە لە قشڵەی جەلالیاندا هەمووی ژین بوون.))( بەردینە، 1401: 185). ڕۆماننووس قسەی دوژمنی کورد لە(قەڵای دمدم) (حاتەم بەگ) وەک بەڵگەیەک بەکارهێناوە، کە خۆی شایەدی ئازایەتی بۆ ژنی کورد دەدات، ئەم ئازاییەی ژنی کورد چ لە مێژووی کوردیدا، چ لەسەر دەمی ئێستادا، بابەتێک نییە جێگەی گومان بێت، ئەوەی لە کۆبانی ڕوویدا، کە بووە نموونە و هێمای تێکشکانی گەورە تیرۆستان لەبەرچاوی جیهان، لەسەر دەستی ژنی کورد، ئەوەی دووپات کردەوە لە کولتووری کوردیدا ژنی کورد هێمای بەرخودان و ئازیەتییە.

دایکی (ئازاد) بە شێوەی دیالۆگ لەگەڵ باوکی ئازاد باسی کەسایەتی (سەیران خان) دەکات، کە پێشترش هەر بەو شێوەیە بووە، نەی توانیووە لەسەر ناحەقی و کاری ناڕەوا بێدەنگبێت. ((جا من چووزانم ئاوای لێدێ ناسر. قەتم باوەڕم نەدەکرد سەیران دایکی دەباتە دیالیز و لەوێش ئاوا بکا کە کردی... ئەو هەر عادەتەکەی وایە بابی بێ، نازانم کێ بێ، دەوڵەت بێ، نازانم چی بێ، لە هەر کوێ ناحەقی دیت ناتوانێ بێ دەنگ بێ.))(گۆڕەشار، 1403: 179)، ڕۆماننوس لە ڕێگەی کارەکتەری دایکی (ئازاد)ەوە باسی سەیران خان دەکات، ژنی کورد هەمیشە بەرەنگاری زوڵم و زۆرداری بووەتەوە، هیدایەتی دەیەوێت، ژنی کورد وەک کەسایەتییەکی سەرەکی لە خەباتی ئازادیدا نیشان بدات، گیانی بەرخودانی کۆمەڵایەتی پێ دەبەخشێت. ژنەکان زووتر هەست بە نادادپەروەری دەکەن، هەر ئەوانش یەکەمین کەسن، کە دژی دەوەستنتەوە. (سەیران) هێمایە بۆ ژنی ئازا و چاونەترس، کەسایەتی وایە هیچ ناحەقییەک نە لە کەس و نە لە دەسەڵات قبوڵ ناکات. نوێنەری ژنی یاخییە لە دەسەڵاتی زۆردار و ناحەق، ئەگەر هەر چییەکش بێت.

دڵسۆزی ژنانی کورد بابەتێکی چەسپاو بووە لە کۆمەڵ و مێژوو و ئەدەبیاتی کوردیدا، ئەم سیفەتانە کە بەهۆی دژواری و نەهامەتییەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی گەلی کوردەوە، بوونەتە وێنەی جوانی ژنی کورد، کە وەک بەرگریکارێک و پارێزەری ناسنامەی کولتووری کوردی دەردەکەون. ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵی کوردیدا (( وا زاندراوە ژنان لە کاتی مردنی مێردەکانیان سەرکردایەتی هۆزەکانیان دەکەن و کاروبارەکانیان بەڕێوە دەبەن، تەنانەن لە مەیدانی شەڕشدا جێگایان گرتووەتەوە.))(احمد، 2023: 169)، کەواتە ژنی کورد دوای نەمانی مێردەکەی ڕۆڵی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی کارەکانی خێزانەکەشی کەوتووەتە ئەستۆ.

کارەکتەری (گودروون) کاتێک بە ڕێگای مۆنۆلۆگەوە لەگەڵ خۆی دەدوێت، بەم شێوەیە باسی دایکی دەکات. ((دایکم بۆ من هەم باب بووە هەم دای. دایکم چ خۆشی و بۆشیی لە ژن و مێردایەتی نەدیوە. تاقە ساڵێک لە پێکەوە بوونیان هەڵنەبردووە، دایکم مێردی خۆی لە قیس داوە. پاش ئەوەی کەوتومەتە زگی دایکی خۆ، بابم نەماوە. چ جارم بابی خۆ نەدیوە و پاشمەرگەم. هەر کەسی دی بە جێی دایکی من با، پاشی چەند مانگان منداڵی لە لکی دەسماڵ دەبەست و سەر بە مێردان دەچۆوە، بەڵان دایکم هەتا ژیندووما، سەری لە خەنە نەگرت و مێردی خۆ و بابی منی وەبیر نەکرد.))(بەردینە، 1401: 8)،

گێڕەرەوە ئاماژە بە قارەمانی و ئازایەتی (شارێ) دەکات، کە نوێنەرایەتی ژنی کۆمەڵی کوردەواری دەکات، کاتێک بەنگین نەماوە، ئەرکی بەڕێوەبردنی خێزانی دەکەوێتە سەر، ئەویش بەدڵسۆزییەوە ئەرکی پەروەدەکردن و بەخێوکردنی گودروون دەگرێتە ئەستۆ، هەرچەندە گودروون پەروەردەی دەستی دایکییەتی و دان بەوە دادەنێت، ئەگەر هەر ژنێکی تربووایە، ئەوا وەک شارێی پێ نەدەکرا، زوو بۆ خۆی شوی دەکرد، بەڵام سەرکردایەتی خێزانەکەی و وەفاداری بەرانبەر هاوسەرەکەی تاکە هۆکاربوونە، کە شارێ بتوانێت ئەو بۆشاییە دەروونییەی کە لە لای گودروون دروست بووە، پڕی بکاتەوە، واتە هەردوو ڕۆڵی بینیووە، هەم دایک و هەم باوک بووە، دەستی لە خۆشییەکانی دنیا هەڵگرتووە و تاکە ئاواتی ئەوە بووە، منداڵەکەی بەباشی پەروەردە بکات.

هیدایەتی جارێکی دی هاتووە باسی ئەو دیاردەیەی کردۆتەوە،((دایکی نێوی گەوهەربوو.گەوهەر هەمیشە ڕەشپۆش بوو. سوێندی خواردبوو تا بمێنێ نە پرچی بهۆنێتەوە نە سەری لە خەنە بدا و نە سەروچاو و برۆی هەڵگرێتەوە و نە لە شایی دا هەڵپەڕێ))(گابۆڕ، 1402: 24). باسی دیاردەی شینگێڕان و ڕەشپۆش ژنی کورد دەکات، ئەوەش دوای ئەوە هاتووە، کە ڕژێمی ئەو سەردەمە کوڕەکەی (جەمال) شەهید دەکەن. دایکی بۆ هەمیشە وازی لە ڕازاندنەوەی خۆی هێنا و هەمیشە تەعزییە باری پێوە دیار بووە. وا دەردەکەوێت ڕۆماننووس لایەنگیری پرسی پەیمان و بەڵێنی دوای مردنی خۆشەویستان بەهەند وەربگرێت و گرینگی پێداوە. لە دوو لە ڕۆمانەکانی باسی کردووە. هەرچەندە ئەم دیاردەیە تاوکو ئێستاش هەر بەرچاو دەکەوێت لە کۆمەڵی کوردەواری، ڕۆماننووس ئەو واقیعە کولتووری و کۆمەڵایەتییەی گواستووەتەوە ناو ڕۆمانەکانی و توانیویەتی کارلێک لە نێوان پەیمان و دڵسۆزیدا وەک پێناسەی کارەکتەرە مێینەکان بکات. چوارچێوەک بۆ ئەو دیاردەیە بکێشێت، کە ژن لە کۆمەڵی کوردیدا نوێنەرایەتی دەکات. ڕۆڵی ژنی کورد لە ڕۆمانەکانی هیدایەتییدا، ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی پێگە و گرنگی ئافرەتە لە کۆمەڵی کوردیدا. ئەم ڕۆڵە بەردەوام لە

ڕۆمانەکانی لە گەشەکردن و فراوانبووندایە.

## 4-خۆشەویستی:

خۆشەویستی بەهایەکی مرۆیی و کولتووری هەیە، گوزارشت لە لایەنی ڕوحی و سۆزداری تاکەکان بەرامبەر بە یەکتری دەکات، خۆشەویستی ئەگەرچی ڕەهەندێکی گەورەی دەروونی هەیە، بەڵام ئەویش ملکەچی بەها و نەریتە کولتووری و ئاینی و سیاسییە، کە سستەمێکن تاک فێردەکەن، کێ و چەند و چۆن ئەوی دی و ئەوانی دی خۆشبوێت، هەر ئەم چەمکەش هاوسۆزییەکی لەگەڵ ئازادی و بەزەیی و دادپەروەری وەفا هەیە. بە پێچەوانەوە دژایەتی لەگەڵ سنوربەندی و توندوتیژی و ڕق و کینە و زۆرداری هەیە، ئەگەر بمانەوێت زیاتر لە چەمکی خۆشەویستی ورد ببینەوە ئەوا توشی گێژاوێکی بیروبۆچوون و جۆرەکانی خۆشەویستی دەبین، چ لە ناساندنی بەگوێرەی سەردەمەکان و ئایینەکان و کۆمەڵگەکان وەک خۆشەویستی بۆ کار، بۆ نیشتمان، بۆ خێزان و بۆ ڕەگەزی بەرانبەر، بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لێی بدوێن زیاتر وەک بەهایەکی کولتوورییە لە کۆمەڵی کوردەواری، ئەو جۆرە پەیوەندییە، کە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێیە، کە لە کۆتاییدا هەوڵدانە بۆ دروستکردنی خێزانێکی بەختەوەر و کۆمەڵەیەکی تەندروست. ((لامان ڕوون نییە کە یەکەمین چیرۆکی خۆشەویستی بۆ کام سەردەم دەگەڕێتەوە، بەڵام بۆمان هەیە بڵێین ئەم هەستە، کە لە نێوان ژن و پیاودا هەیە، بەقەد کۆنی مرۆڤ کۆنە، ئەم خۆشەویستە چ (خواوەندی) بێ و چ مرۆیی بە درێژایی مێژوو نەوە دوای نەوە وەک دروشم و نەریت پەیڕەوکراوە.))(عیسا، 2009: 81)، ئەوە ڕوونە ئەم بابەتە تاڕادەیەک کۆنە، ئەگەر بگەڕێینەوە سەرەتاکانی ئەوا دەبێت باسی پێش مێژووی بکەین، چونکە کاتێک مرۆڤ بە شێوەیەکی سەرەتایی ژیاوە پێویستی بۆ یەکتری بووە، هۆی دروست بوونی کۆمەڵ و گروپ، ئەو کۆمەڵ و گروپانەش بە بێ بوونی بەرژەوەندی و خۆشەویستی دروست نابێت، چونکە بنچینەی پێکهاتنیان خێزانە، ئەویش بەبێ خۆشەویستی ودڵسۆزی کارێکی مەحاڵە دروست بێت و بەجێگیری و دوور لەکێشە بەردەوام بێت.

هەرچەندەخۆشەویستی، وەک بابەتێکی جیهانی، بەردی بناغەی سەرهەڵدانی زۆر بەرهەمی ئەدەبی بووە، لە هەموو کولتوورەکاندا. لە ئەدەبیاتی کوردیدا وێنەکێشانی خۆشەویستی لە سۆزی تاکەکەسی تێدەپەڕێت و مەودایەکی فراوانتر دەگرێتەوە، کە ڕەهەندی ڕۆمانسی و خێزانی و نیشتیمانپەروەری تێکەڵ دەکات. ڕۆمانەکانی (سەید قادر هیدایەتی)دا بە مێژوویەکی پڕ لە شڵەژان و کەلەپووری کولتووری دەوڵەمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەنگرێژ کراوە.، وێنەیەکی جوان و بێهاوتای خۆشەویستی وەک هێزیکی تێکشکێنەری نەریتێکی کولتووری داخراوی کۆمەڵی کوردەواری و ناسنامەی خۆڕاگری ئافرەتی کورد پیشان دەدات.

((لە کۆمەڵی دواکەوتوودا کچ دیوارێکی ئەستوری بە چواردەوردا دروستکراوە و ڕێگای دڵداری و تێکەڵبوونی ئازادانەی لەگەڵ کوڕدا لێ قەدەغە کراوە. ئەم کارەی بە شوورەیی دادەنرێت، لە کاتێکدا کوڕ لە لای خۆیەوە، بەرەڵا کراوە و ئازادییەکی یەکلایی پێ دراوە. ئەگەر چی ئەم کارە ستەمێکە لـە کچ دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی یاسای خواست و خستنەڕوو و بایەخی کچی زیاتر کردووە، قسە و هەڵوێستی ئەوی باڵا دیکە کردووە.))(میراودەلی، 2021: 335). ئەم لێکدانەوەیە هەر ئەوە هەڵدەگرێت بڵێین"بانێکە و دوو هەوایە"، واتە بەو پێوەرە هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵەکانی خۆمان دەکەین، ئەگەر کوڕبن ئەوە زیاتر ئاساییە، ئەگەر خۆشەویستی بکەن، هەندیکجارش شانازی پێوە دەکرێت، بەڵام هەمان شت لە کچەکانمان قبوڵ ناکەین، بەڵکو بە کوشتنی کچەکانمان کۆتایی دێت، هەرچەندە بەهۆی گۆڕانی کۆمەڵ و زیاتر کۆبوونەوەی خەڵکی لە شارەکان و گۆڕانە خێراکانی تەکنەلۆژیاوە، دیاردەی کچ کوشتن بە ناوی پاککردنەوەی شەرەف تاڕادەیەک کەم بووەتەوە، بەڵام هەر ماوە. ((شارێ جوێ لە شاخان چ جێ ودووێ و دەروی نەبوو بچێ. شوێنی کوڕە حەیرانیشی پێ نەدەزانی. بە دڵ هێکداریان دەخواست و پتر لە دوو ساڵ بوو هاچەری دڵی خۆیان پێک دابوو. ئێستاکانە چۆنەکایی خەبەری لێ بنێرێ! دەشقی خودای بای شەماڵ و زریان بۆ گوێی دا بد! گوتم "دایە نێوی چی بوو؟" گوتی نێوی کێ؟گوتم کوڕە حەیران؟ دایکم ڕاما گوتی:" نێو... نێوی... بەنگین بوو))( بەردینە، 1401: 17).

هیدایەتی تیشک دەخاتە سەر ئەوەی، کە خۆشەویستی چ هێزێکی لە هاندانی تاکەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو

واقیعەی تێیکەوتوون هەیە، دژی ئەو نەریتە چەق بەستووە بووەستنەوە، کە کۆمەڵ وەک ڕێسایەک بەرانبەر ئافرەتی کورد پەیڕەوی کردووە لە گەڕان بەدوای دڵنەوایی لە پەیوەندییە هاوبەشەکاندا لە نێوان هەردوو ڕەگەز. هەرچەندە (وسووخان)ی باوکی شاریێ بەزۆر دابووی بە (کوێخا فەرەج)، بەڵام ئەو گفتی بە (بەنگین)ی خۆشەویستی دابوو، هەر بۆیە هەڵات و کەوتە کێوان. باوکی و براکانی زۆر هەوڵیاندا بیهێنەوە یان بیکوژن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. کەواتە خۆشەویستی شاریێ بووە هۆی ئەوەی هەموو ڕێچکەیەکی کۆمەڵایەتی و ئاینی بشکێنێت، لە ماڵی مێردی هەڵات و قسەی باوکی شکاند، هیچ گرنگییەکشی بەو نەدا، کە لەڕووی ئاینییەوە کارێکی ناڕەوای کردووە. ڕۆماننووس ئەو ئارەزووەی مرۆڤ دەوروژێنێت بۆ ئازادی و خۆشەویستی. هەرچەندە نەریتەکان و ئایینەکان سزای زۆر توندیشیان بۆ سەرپێچکەرانی داناوە، بەڵام خۆشەویستی شایەنی ئەوەیە مرۆڤ ژیانی خۆی لە پێناودا ببەخشێت. هەموو ئەو کۆتانەی لە پێشیدان بیشکێنێت، بۆ ئەوەی بە خۆشەویستەکەی بگات.

هەرچەندە خۆشەویستییەکەی ئازاد شتێکی ڕاستەقینە نییە، بەڵام خۆشەویستی ئەگەر خەیاڵیش بیت هەر بۆ هێمن بوونەوەی دەروون پێویستە. ((ماریا درۆم زۆر کردووە. ئایا خۆشەویستی ئەو هەموو سواڵکردن و درۆ دەلەسە و خۆسووکردنەی دەوێ؟ ماریا، لەوە ماوەیەدا کە دنیای مەجازیم تاقیکردەوە، چەتکردن و تێلیگرام و ئینستاگرام و چی و چی بە ڕواڵەت ببوونە زمانم؛ بەڵام هەر مێشکم ماندوو دەبوو. توانیم چەت بکەم بەڵام قسەکردن نا. من زمانم وا نەبایە پێم وا نییە گیرۆدەی ئەو دنیا مەجازییە بایەم. لەگەڵ زۆر کەس چەتم کرد، بە تایبەتی کچان و ژنان. زۆریان هەر زوو هەرە جۆرە پەیوەندییەکیان بەستبۆوە بە نازانم چی و چی و ئۆتۆمبیلی فلان و شوغڵی سەیر و سەمەرەوە... ئازاد وەرەزی لەو دنیا مەجازییە کە لە هیچ شتێکی تاسەت ناشکێ و تێر نابی بەڵکوو تەنیا هەستی تێر بوون بە دی دێنی، ئاشقت ناکا، بێتامانە هەست دەکەی عاشق بۆی.))( گۆرەشار، 1403: 147).

ڕۆماننووس زیاتر وەک ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت، کە خۆشەویستی ئەو بە هایەی جارانی نەماوە، کە هەڵگری ئەخلاقی جوان و قوربانیدان لە پێناوی یەکتردا بوو. زیاتر کچ و ژنان بەوە تاوانبار دەکات، کە لە عەشقی ڕاستەقینە ناگەن، بەڵکو ئەوەی ئەوان دەیانەوێت زیاتر شتی ماددی دنیایی و سەروەت و سامانە. وەک پەیامی ڕۆماننووس لێکیدەدەینەوە بۆ ئافرەتی ئەم سەردەمە. لە لایەکی دیکەوە باسی کەسانێک دەکات، کە خاوەن پێداویستی تایبەتن، هەرچەندە توانای قسەکردنشیان نییە، تەنها بەنوسینش بێزار بوونە لەو خۆشەویستییەی، کە ئێستا هەیە و پێویستی زیاتر بە درۆ و پاڕانەوەیە. گلەیی لەوە دەکات، کە هەر شتێک ئەگەر دەستت نەگاتێ، هەرچەندە لەزەت و خۆشیشت بداتی، بەڵام ناتوانێت تێرت بکات. وەک هێمایە قەت شتی ڕاستی بەدەستهاتوو وەک بابەتی خەیاڵی و مەجازی نیین، کە نە تێرت دەکەن و نە چێژێکی ڕاستەقینەیان هەیە.

## 5-کەللەڕەقی(عینادی، سەرسەختی):

کەللەڕەقی بریتییە لە دژایەتی کردنی شتێک یان کەسێک بەبێ هۆکارێکی ڕاستەقینە. زۆرجار وەک نیشانەی خۆدەرخستن و خۆسەپاندن بەکاردێت، لە فەرهەنگی (هەنبانەبۆرینە)ی مامۆستا هەژاری موکریانی بەرانبەر وشەی ((عینادی ئەم وشانەی داناوە، پێ چەقێن، مانگر، لجباز))(موکریانی، 1369: 509)، بەڵام ئێمە زیاتر وشەی(کەللەڕەقی، سەرسەختی)مان بەکارهێناوە، چونکە لەم سەردەمە زیاتر ئەوانە بەکاردەهێنرێت، بە تایبەتی کەللەڕەقی. کەللەڕەقی لە دیاردەیەک زیاتر دەردەکەوێت تاڕادەیەک وەک نەریتێکی نزم هەیە. کۆمەڵی کوردەواری خاوەنی مێژوویەکی دەوڵەمەندە لە بواری نەریتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان و ئاڵۆزییەکانی ژیانی تاکی کورد، وەک کەرەستەیەکی خاو بۆ گێڕانەوە ڕۆماننووس سوودی لێ وەرگرتووە. دیاردەی کەللەڕەقی (سەرسەختی) لە تاکی کوردا بوونی خۆی سەلماندووە، مرۆڤی کورد تاڕادەیەک لەلایەن نەتەوە دراوسێکانەوە، بە کەسێکی کەللەڕەق(عیناد) ناسراوە، ئینجا ئەو کەللەڕەقییە بەشێوەیەک خزمەتی ناسنامەی کوردبوونی کردبێت، وەک سووربوون لەوەی، کە کوردە یان پۆشینی جلی کوردی و بەکارهێنای زمانی کوردی، یان هۆکارێک بووە بۆ دەرکەوتنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و تێکچوونی شیرازەی خێزان و کۆمەڵ و دەرکەوتنی کاریگەری خراپ لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ. (هیدایەتی) کەللەڕەقی وەک تەوەرەیەکی سەرەکی لە پەرەپێدانی کارەکتەرەکانی بەکارهێناوە، بەتایبەتی لە ململانێی نێوان کارەکتەرەکاندا دەردەکەوێت، وەک هێمایەک بۆ

کێشە کۆمەڵایەتییەکان، کە بوونەتە هۆی دروستبوونی گرێی دەروونی وکاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان دروست کردووە.

کاتێک (کەریم و متەللیب) بڕیار دەدەن ماڵ بەجێ بهێڵن و ببنە پێشمەرگە، چاویان بەکەسێک دەکەوێت، کە وەک چاوساغێک کار دەکات، تاکو بییانباتە ناو پێشمەرگە، بەڵام کاتێک چاوساغەکە دەیانبینێت، کە تەمەنیان لە نێوان سێزدە و چواردە ساڵە، هەوڵ دەدات پەشیمانییان بکاتەوە، (کەریم) هەر زوو پەشیمان دەبێتەوە، بەڵام (متەللیب) دوای هەوڵێکی زۆر پەشیمان نابێتەوە، ((دەمزانی متەللیب یەک قسەیە...کوتم بەخودا دنیا و عالەم سەر لێکدەن من نایەمەوە... کوتم باشە من نەمکوت من بە حاڵ لاقم بترازێ تازەکار تەواو، ها؟! پێم نەگوتی ؟!... کوتم دەڵێم بڕۆ لە کۆڵم بەوە کوتم باشە ئەوە نییە دەڵێم خەجاڵەتم بمبەخشە! ئێستا دەچییە بانە چی دەکەی؟... دەنگی مینی بۆسێکی دیکە هات. کوتم تۆ خودا تۆ گیانی من، تۆ گیانی ئەو دایکەت، وەرە با بڕۆینەوە دەستی هەێڵنا.مینی بووسەکە ڕایگرت. بە زۆر و زۆرداری بە نیوە شەڕ قەڵسییەوە دەستمی لە ملی کردەوە و هەڵاتە سەرێ))(گابۆر، 1402: 233-237).

ئەوەی تێبینی دەکرێت ڕۆماننووس ئەم شێوازە کەللەڕەقییەی (متەللیب) زیاتر بۆ لایەنی پەروەردەیی دەباتەوە، کە مەبەستییەتی نەوەی داهاتوو ئەوە بزانن چۆن خێزانەکان دەتوانن ببنە ناوەندێک بۆ مرۆڤی توندتیژ و کەللەڕەق، هەرچەندە (کەریم) دوای لێبووردن دەکات و دەڵێت ئەوەی دەربارەی مامۆستا (سەرچەشمە) وتوومە، کە گوایە دەزانێت ئێمە شیعار دەنوسین گاڵتەیە و وا نییە، بەڵام متەللیب هەر سوورە لەوەی وڵات جێ بهێڵێت و ببێتە پێشمەرگە. هۆکاری ئەو سوربوونەی متەللیب زیاتر بۆ توندوتیژییەکانی (میرزا هادی) باوکی و ترس لەوەی ئەگەر بگەڕێتەوە، دەکەوێتە ژێر دەستی ئەو و بە هیچ شێوەیەک لێی خۆشنابێت و لێی دەدات، تەنانەت خۆشەویستی دایکیشی نابێتە هۆکارێک، تاوکو لە بڕیارەکەی پەشیمان ببێتەوە. ئەو دوو کارەکتەرە (کەریم و متەللیب) لە دوو خێزانی جیاواز پەروەردە بوونە، هاوڕێیەتییان زۆر خۆشە. خێزانی کەریم هەرچەندە کوڕێکیشیان شەهیدە، بەڵام توانیویانە بەهێمنی و بەباشی و خۆشەویستییەوە پەروەردەی بکەن، کەچی خێزانی متەللیب (میرزا هادی) باوکی کەسێکی زۆر توندوتیژە، بە هیچ کلوجێک لێبوردنی نییە، هیچ شتێک لە دایکی متەللیب و لە متەللیب قبوڵ ناکات، تاکو ئێستاش متەللیب نەیتوانیووە ڕۆژێک لەسەر سفرە بەبێ ترس و لەرز گفتۆگۆ لەگەڵ باوکی بکات. ئەوەی لێرەدا بەرچاو دەکەوێت، کە چۆن خێزانەکان دەبنە ناوەندی بەرهەمهێنانی کەسانی عیناد و کەللەڕەق. لایەنی پەرەردە و خێزان چۆن کاریگەریی لەسەر منداڵ بەجێ دەهێڵت. بەم شێوەیە هیدایەتی تیشکی خستووەتە گرنگی پەروەردەی خێزان و کاریگەرییەکانی لەسەر لایەنی دەروونی منداڵ و هەرزەکارەکان، خوێنەر لەم بابەتە گرنگە ئاگادار دەکاتەوە، ڕەخنە لەو خێزانانە دەگرێت، کە بەشێوەیەکی توند و تیژ منداڵەکانیان پەروەردە کردووە، تەنانەت بۆ جارێکش وەک هاوڕێیەک لەسەر سفرەی نان خواردن گفتۆگۆیەکی نەرم و پڕ ئامۆژگاری دڵسۆزانەیان لەگەڵ نەکردوون.

لە باسی میرخانی لەپزێڕین ((ئەسکەندەربەگ گۆتی:" میرخان سەردارێکی دوورەترس و ئازایە، بەڵان سەرڕەق و بە فیز و هەواشە. هێندێک لە جەلالیان و ئێستاجلۆیان خراپەی دەگێڕنەوە... جەلالیان و ئێستاجلۆیان ناویان بە میرخانی گۆج زڕاندووە.))( بەردینە، 1401: 110). تێبینی دەکرێت، لە ڕێگەی (ئەسکەندەر بەگ)، کە نووسەری شا (عەباس)ە و کەسێکی غەیرە کوردە، چۆن باسی (میرخان) دەکات. واتە ڕۆماننووس دەیەوێت بڵێت، هەتاکو دوژمنانش ناتوانێت، باسی ئازایەتی و چاونەترسی میرخان نەکەن، وەک شایەدێکش دەیکاتە بەڵگە بۆ بەهێزی و ئازاییەتی میرخان. ئەوە ڕوون دەکاتەوە هەر ئەو ئازاییەتی و کەللەرەقی و بەفیزییە بووە هۆی ئەوەی بۆی ببێتە کێشە و خێڵەکانی (جەلالی و ئێستاجلوکان) ڕقییان لێی ببێتەوە و ناو ناتۆرەی بۆ هەڵبەستن، تاکو لە پێش چاوی شاعەباسی بخەن و بڵێن کەسێکی ڕاست نییە و بە فێڵە. کەواتە ناونانی گۆج لایەنێکی هێمایی هەیە، نەک وەک مرۆڤێکی گۆج، بەڵکو وەکو کەسێکی فێلباز و هەڵخەڵەتێنەر. ڕۆماننووس لێرەدا هەم پاییەی (میرخان) بەرز دەردەخات، هەم هۆکارێک بۆ دوژمنایەتی لەلایەن خێڵەکانی دی دەهێنێتەوە، ئەویش ئازایی و بەفیزی کەللەڕەقییە. ئەوەی ڕوونە کەللەڕەقی لە کەسایەتی میرخان بەشتێکی باش دانراوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ متمانە بەخۆبوونی میرخان بە توانای خۆی و ئەو کەسانەی پشتگیری دەکەن. تاکە جارە کەللەرەقی ڕۆماننووس وەک پێکهاتەیەکی باش لە تاکی کورد پێشانی بدات. لە کۆتاییدا (هیدایەتی) کەللەڕەقی وەک

نەریتێک و یەکێک لە پێکهێنەرەکانی کەسایەتی تاکی کوردی لەو دەقانەی وەرمان گرتووە بە چەند شێوەیەک پیشانداوە، هەم وەک بەرگرییەک و پابەندبوونی تاکی کورد پێیەوە وەک پەرچەکردارێک دژی ئەو داگیرکەرانەی، کە بەدرێژایی مێژوو هەمیشە هەوڵیان داوە خۆی و کولتوورەکەی بسڕنەوە، هەندێک جارش کەللەڕەقی بە هۆکارێک بۆ کێشە کۆمەڵایەتی و تێکچوونی باری خیزان و کۆمەڵ ئاماژەی پێ کراوە. لە شوێنێکی تریش پەروەردەکردنی خێزان بە هۆکار زانییووە لە دروستبوونی کەللەڕەقی و کاریگەرییە دەروونییەکانی تا ماوەیەکی زۆر بەسەر کارەکتەرەکانەوە ماوەتەوە.

## 6-تۆڵەکردنەوە:

تۆڵەکردنەوە لە کولتووری کوردیدا تەنیا کاردانەوەیەکی تاکەکەسی نییە، بەڵکو دەربڕینی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و بەها بۆماوەییەکانە، چەمکی تۆڵەکردنەوە پەیوەستە بە چەمکی تەقلیدی شەرەف و ناموس و شکۆمەندی و بەرگری و داکۆکیکردن لە بوون هەیە، کە بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ناسنامەی کولتووری کوردیدا. ئەم شێوازە لە ئەدەبی کوردیدا لە ڕێگەی کەسایەتییەکا ڕەنگ دەداتەوە ، کە بەدوای تۆڵەسەندنەوە دەگەڕێن، وەک ئامرازێک بۆ گێڕانەوەی کەرامەت یان پاراستنی شەرەف. زۆر جار ئەم دیاردەیە وەک ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و خێزانی و نیشتمانی و نەتەوایەتی سەیر دەکرێت. لە هەندێک ناوچەدا تۆڵەسەندنەوە بووەتە، بەشێک لە بەها و نەریت و شوێنی یاسای گرتووەتەوە. ئەم دیاردەیە لە زۆربەی کۆمەڵە خێڵەکی و نەریتییەکاندا هەیە. وەک دەزانرێت لە ئایینە ئاسمانی و زەمینییەکانیشدا جەخت لەسەر تۆڵەکردنەوە کراوەتەوە. دەبێت هەر تاوانبارێک بەگوێرەی تاوانەکەی سزای بدرێت، ئەگەرنا تاوان باڵی بە سەر زەویدا دەکێشا. لە کۆمەڵە پێشکەوتووەکانیش، کە یاسا سەروەرە و مافی هاوڵاتی مافخوراو دەگەڕێنێتەوە، ئەوەش چ بە سزای زیندانی کردن یان پێبژاردنی پارە یان هەر جۆرە سزایەک بێت، کە دادگا دیاری دەکات، نەک هاوڵاتی خۆی.((هەر کاتێک تاکی کورد هەستی بەوە کردبێت، کە دەچەوسێنرێتەوە، ئەوا تۆڵەی سەندنەوەی بە ئەرکی خۆی زانیووە، نەک هەر ئەوە بەڵکو بێ دەنگبوون و بێ هەڵوێستیشی بە کارێکی نامەردانە داوەتە قەڵەم.))(احمد، 2023: 167) لە چوارچێوەی کۆمەڵی کوردەواریدا چەمکی تۆڵەکردنەوە ڕەهەندی ئاڵۆزی هەیە، کە پەیوەندی بە مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە تایبەتە بە ململانێ و بەرەنگاری سیاسی و کۆمەڵایەتی. هیدایەتی لە (ڕۆمانی گابۆڕ)دا، تۆڵەکردنەوەی وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ جوڵاندنی ڕوودا و گەشەپێدانی کارەکتەرەکان بەکارهێناوە، کاریگەرییە دەروونییەکانی پیشانداوە، کە وەک پاڵنەرێکی سەرەکی دەردەکەوێت بۆ ئەو کارەکتەرانەی لە ژێر چەوساندنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەژین. باس لەوە دەکات، کە چۆن تۆڵەسەندنەوە بووە بە هێمای بەرگری لە دژی نادادپەروەری، چەوساندنەوەی سیاسی و پارێزگاری کردن لە بوون و سزادانی ناپاکیکەران(خیانەتکار).

کاتێک (کەریم و مەتەللیب) هەست بەوە دەکەن، کە لەلایەن ئەو پازگایەی گەڕەکییانەوە، چەندین کاری ناڕەوا و نابەجێ بەرانبەر ئەوان دەکەن، وەکو دەست بەسەراگرتنی تۆپەکەیان کاتێک دەکەوێتە حەوشەی پازگەکەیان، کوشتنی مانگاکەی (نەنەعەجەم)، سوکایەتی بەخەڵک، داگیرکردنی ماڵی خەڵکی و تەسکردنەوەی ئازادی دانیشتوانی ئەو گەڕەکە، لە مێشکیاندا هێواش هێواش بیرۆکەی ئەوە دێت، کە چۆن تۆڵەیان لێ بکەنەوە، هەرچەندە ئەوان منداڵن و هیچییان نییە بۆ شەڕکردن، تەنها ئەو تیروکەوانانە نەبێت، کە خۆیان دروستییان کردووە.

**((کوتی چوار پێنج گاکوژی دایە.**

**کوتی یەک بە دوای یەکدا چوار دانەی تێهەڵکرد.**

**کوتی حەک کوێراییم دابێ؛ دا زەرگەتەیەکم دەیە بزانم ئەو**

**چۆنە؟**

**کوتی زەرگەتەیەکی دەرهێنا و کوتی ها ئەوەش زەرگەتە.**

**کوتی هێشتا دەستی کەریم هەر بە حەواوە بوو وچاوێکی هەر**

**قووچاندبوو کە دەنگێک لە نێو سەنگەرەکەوە یەک بەخۆی کوتی**

**ئیییست و قرمەی ڕەگبار هەستا.))( گابۆڕ، 1402: 63).**

هیدایەتی جیهانی منداڵی بە شێوەیەکی واقیعی خستووەتە بەرچاوی خوێنەر، هەروەکو ئەوەی ڕۆماننووس بییەوێت بەشێک لە ژیاننامە و سەرگوزەشتەی منداڵی خۆی لە زاری کەریم بگێڕێتەوە، کە چۆن خۆیی و مته‌للیبی هاوڕیی تیروکەوانییان دروست کردووە، بەگوێرەی قەبارەی تیرەکانیش ناوییان لە تیرەکان ناوە وەک( زەرگەتە و گاکوژ)و دیارە بەگوێرەی ناوەکانی بێت مەبەستی ئەوەیە، کە چۆن جۆر و قەبارەی گیانلەبەرەکان جیاوازن، بەهەمان شێوە تیرەکانش جیاوازن لە جۆر و قەبارەدا. وا پێ دەچێت ئەم جیهانە پاکەی منداڵان هەر بەیاری کۆتایی نایەت، بەڵکو هەنگاو بەرەو کاری گەورەتر بهاوێت. ڕۆماننووس شێوازی سەرەتایی دروست بوونی هەنگاوەکانی دروست بوونی تۆڵەکردنەوە بۆ خوێنەر ڕوون دەکاتەوە، کە چۆن کاریگەری لەسەر ئەو منداڵانە دروست کردووە، کاتێک لەلایەن دەسەڵاتێکی چەوسێنەر دەست بەسەر تۆپەکەیان دەگرن و نایاندەنەوە، هەرچەندە تۆپەکەیان بە پارەی کەمکردنەوەی خەرجی ڕۆژانەی خۆیان و دروستکردنی تیروکەوان کڕیوە و هەوڵ و کۆششیان داوە، تاکو بتوانن تۆپێک بکرن تیمێک بۆ خۆیان دروست بکەن، بەڵکو بتوانن لەگەڵ تیمەکانی دی یاری تۆپانێ بکەن، کە مەرجی سەرەکی تیمەکانی دی ئەوەیە دەبێت تۆپیان هەبێت. ئەگەر لێرەدا تۆپ هێما بێت بۆ نیشتمان و مەرجی تیمەکانی دی بوونی تۆپ بێت بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری بکەن لە یاریکردن، کەواتە تۆپ هێمای نیشتمان بێت یان نا، بووەتە هۆکاری ئەوەی هەستێک لای ئەو منداڵانە دروست بکات. ئەو ستەم و زۆرداری ئەو سەربازانەیە و پەرچەکرداری ئەو کارەش بەرەنگاربوونەوەیە، هەرچەندە ئەوان تەنها تیروکەوانییان بۆ ئەو کارە هەیە، بەڵام ئامادە نین دەستبەرداری مافە ڕەواکەی خۆیان و خەڵکی گەرەکەیان ببن.

ڕۆماننووس لە گۆشەنیگای دوو منداڵەوە دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێتە خوێنەر و ئاگاداری داگیرکەران بکاتەوە، ئەگەر گەورەکانش نەتوانن بەرەنگارتان ببنەوە، ئەوا نەوەی نوێ ئامادە نییە، سازش لە ماف وداواکارییەکانی خۆیان بکەن، ئەگەر چەکی دەستییان هەرچییەک بێت. ڕۆماننووس تۆڵەکردنەوەی بەشێوەیەک پێشانداوە، کە ئامرازێکی بەرگرییە لە دژی ڕژێمە سەرکوتکەرەکان. لەم چوارچێوەیەدا تۆڵەسەندنەوە دەبێتە کردارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە ڕەنگدانەوەی ئاواتەکانی ئەو کۆمەڵ و گروپانەیە، کە ستەملێکرا و چەوسێنراونەتەوە بەدرێژایی مێژوو.

### 7-پەیوەندی هاوڕێیەتی:

پەیوەندی هاوڕێیەتی یەکێکە لە بنەما کولتوورییە گرنگەکانی کۆمەڵی کوردەواری، کە لە مێژووی درێژخایەندا ئەم پەیوەندییە، وەکو ناوەندێکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پاڵنەرێکی پەرەسەندنی کەسایەتی و ڕۆڵێکی کاریگەر لە پێکهاتنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی هەبووە. ئەو پەیوەندییە لە ژیانی مرۆڤدا دێتە کایەوە، پەیوەندییەکی پاک و بێگەردە و نمونەیەکی بەیەکەوە ژیان و گونجان و ڕێزگرتنە. وشەی(هاوڕێ) لە ناوەخندا لەسەر قوربانیدان و هاوکاری و هەرەوەزی یەکتری و تێپەڕاندنی ڕۆژگارە خۆش و ناخۆشەکانە. مرۆڤێک لە هەوراز و نشێوی و هات و نەهات لە ڕێگەی برینی ژیان لەگەڵتدا هاوشان بێت، هەمیشە وەک پشتیوانێکی دڵسۆز و بە ئەمەک  و بەرپرس دەردەکەوێت، هاوبەشتە لەو ڕێگەیەی دەیبڕیت. لە کولتووری کوردیدا هاوڕێیەتی تەنها پەیوەندییەکی سادەی کەسەکان نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی قووڵە، کە لەسەر بنەمای باوەڕ و ڕێز و  ڕەوشت و هاوسەنگی دروست دەبێت. ئەم پەیوەندییە لە ڕۆمانەکانی( هیدایەتی)دا ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەیە. ڕۆماننووس توانیویەتی بە هۆی ئەو پەیوەندییە چڕ و پڕەی هاوڕێیەتییەوە بەشێکی گرنگ لە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکان بەڕێوە ببات، ئەرکی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەیان پێ بسپێرێت، وەک ئەرکێکی گرنگ سەیری پەیوەندی هاوڕێیەتی دەکات. لەم بوارەدا لە ڕۆمانەکانیدا وەک ئاماژەیەک بۆ پەیوەندییەکانی نێوان کەسەکان لە ناوچەیەکی دیاریکراو و جێگەیەکی گرنگی هەیە و لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی، هاوڕێیەتی تەنها پەیوەندییەکی کەسی نییە، بەڵکو توخمێکی گرنگی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتییە، کە زۆرجار لەگەڵ بابەتەکانی دڵسۆزی، متمانە و خۆڕاگریدا تێکەڵ دەبێت. هاوڕێیەتی زۆر جار وەک درێژکراوەی پەیوەندی خزمایەتی تەماشا دەکرێت. پەندە کوردییەکان و بەها و نەریتی کولتووری جەخت لەسەر گرنگی دڵسۆزی و پشتیوانی لە نێوان هاوڕێکاندا دەکەنەوە. هەندێک جار هاوڕێ وەکو ئەندامێکی خێزان هەژمار دەکرێت. کاریگەری خێڵەکیی لە کولتووری کوردیدا ڕۆڵی هاوڕێیەتی زیاتر بەهێز کردووە، چونکە تاکەکان بۆ مانەوە و هاوپەیمانی سیاسی و پاڵپشتی سۆزداری

پشت بە هاوڕێی باوەڕپێکراو دەبەستن.

کاتێک بەنگین شارێ لە خێوەتی خەلیل پاشای ڕۆمی دەرفێنێت و هیچ شوێنێک نییە بۆ ئەوەی ڕووی تێبکات و خۆی دوور بخاتەوە لەو مەترسییەی، کە لەسەر ژیانییان دروست بووە، جگە لە کاک (ئالّی و میرخان)، کە دوو هاوڕێی دڵسۆزی بەنگینن،((کاک ئاڵی، کەونە هاواڵی بەنگین، لەوێندەرێ بوو. لەگەڵ پیاوێکی ڕیش سپی و هەڵکشا و ڕۆنیشتنە تەگبیران. گۆتی میرخان ئەوەی گوێ لێ بێ، خەنی دەبێ، چومکین میرخان قسەی لەگەڵ خەلیل پاشا چۆپ کەوتووە. مەلاییکی لێبوو؛ پرسیان پێکرد گۆتی: وەڵڵا گەلەک چەتوونە، ئاوەها گە دەیروانمێ حەڵاڵی خەلیلە و حەرامی بەنگین))(بەردینە، 1401، 57). ڕۆماننووس لە ڕێگەی ئەم دەقەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە پەیوەندی هاوڕێیەتی کۆن چەندە بەهێز بووە، کاتێک مرۆڤ کارێک دەکات پێش هەموو شتێک بیری لای هاوڕێیەکانییەتی و لێیان ڕادەبینێت هەرچییەکی بوێت، ئەوا بێ دوودڵی بۆی جێبەجی دەکەن، بۆیە بەنگینش قەڵای (دمدم)ی هەڵبژارد، چونکە هاوڕێیەکانی لەوێدان جێگەی متمانەی ئەون. ئەوەی زیاتر ڕوون دەبێتەوە شارێ بە شەرعی ئایینی ئیسلام مارەکراوە لە (خەلیل پاشا) و کارێکی ناڕەوایە، ژن بە مارەکراوی هەڵبگیرێت، هەر ئەوەش جێگەی گفتوگۆیە کاتێک مەلا دەڵێت: حەڵاڵی خەلیلە و حەرامی بەنگینە. ئەمەش وا دەکات، کە بەدوای کەسێک بگەڕێن ئەو کێشەیان بۆ چارەسەر بکات. تێبینی ئەوە دەکەین ئەو جۆرە پەیوەندییەی، کە لە نێوان کاک ئاڵی و بەنگین هەیە، تەنها پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی و متمانە دروست بووە و هیچ بەرژەوەندییەکی کەسی پێکەوەیانی کۆنەکردووەتەوە.

لە ڕۆمانی (تۆقی عەزازیل)دا ئەوەی بەرچاو دەکەوێت پەیوەندی هاوڕێیەتی نێوان (سەلاح و دەروێش ڕمووزن)ە، کە بەڕێکەوت دروستبووە، هیچ ئامادە باشییەکی بۆ نەکراوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەروێش ڕمووزن جیاوازە و وەکو دەروێشەکانی دی نییە و ئاستی بیرکردنەوە و ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانترە، هەر ئەمەش وای کردووە، کە سەلاح زیاتر هۆگری بێت و لێی نزیک بێتەوە و ببنە هاوڕێ، ((سەلاح زۆر زوو ئۆگری درویش ڕمووزن بوو؟ پەنا بۆ پشتیوانی خاسان و ڕێبەری تەریقەتمان دەروێش ڕمووزنی پێچەڵاوپێچ و کەس تێ نەگەیشتوو، سەلاحی هان دا کتێب بخوێنێتەوە و بە قسەی ئەو تەنیا بە خوێندنەوەی زانستە شەرعییەکان واز نەهێنێ. ئەو مەلعوونە "خودا جەزای لێ بستێنێ" مەبەستی لە زانستە شەرعییەکان کتێبی ڕەحمانی بوو. بۆ خۆی هەموو جارێک کۆڵێک کتێبی شەیتانی بۆ سەلاحی بەستەزمان دێنا))( تۆقی عەزازیل، 1397: 102-103)، ڕۆماننووس لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییە هاوڕێیەتییەی نێوان سەلاح و دەرویش ڕمووزن، وەکو ناوەندێکی وەرچەرخان لە بیر و شێوازی سەلاّح پیشان دەدات، جیهانێکی دیکە بە سەلاّح ئاشنا دەکات، کە جیاوازە لەو جیهانەی ئەو ناسیویەتی، کە جیهانی تەکیەیە. (سەلاح) بە منداڵییەوە لە تەکیە بووە و هەرلەوێ لای (مەلا عەلی) فێری خویندن ونوسین بووە، بابەتە ئایینییەکانی خوێندووە هەمیشە لە ژێرچاودێری دایکی بووە، کە خێزانی شێخ باپیری خاوەن تەکیەیە. ڕۆماننووس توانیویەتی وەک ڕەخنەگرێکی واقیعی کۆمەڵایەتی کوردی ئەوە بخاتە بەرچاو، کە ئەو پەڕتووکانەی دینی نەبن چۆن لەلایەن کەسانی ئایینیەوە لێی دەڕوانن و هەڵدەسەنگێین. هەمیشە ئامادەی ئەوەن ناو و ناتۆرەی لێ بنێن و بەچاوێکی دژایەتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەن و بەردەوام لەپیش چاوی خەڵکی بخەن و سووکی بکەن، هەر لێرەوەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە پەیوەندی هاوڕێیەتی دەتوانێت ببێتە بناغەیەکی بەهێز، بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێت لایەنێکی دی ژیان ببینێت و ببتە هۆیەک بۆ گۆڕانکاری لە بیروبۆچوون.

## ئەنجام

1- ژنی کورد لە ڕۆمانەکانی سەید قادر هیدایەتیدا ڕۆڵێکی گرنگی پێ دراوە، بەتایبەتی لە ڕۆمانی(بەردینە و گۆڕەشار)دا، کە خۆی لە کارەکتەرەکانی(پەریزاد خاتوون، شارێ، سەیران، سۆعدا)دا دەبینێتەوە، کە بەشێوەیەک ژنی کوردی وێنە کێشاوە. تا بڵێت ژنێکە بەرپرسی ماڵەوە هەڵدەگرێت و پشت و پەنایە بۆ مێردەکەی و دڵسۆزە بەرانبەر ئەو پەیمانەی، کە بە هاوسەرەکەی داویەتی، هەمیشە دەنگی نەخێر و بەرگری بەرەنگاری و ئازایەتی بووە.

2- بەها و نەریتەکانی کۆمەڵی کوردەواری بوونەتە بابەتێکی گرنگ بۆ ڕۆمانەکانی هیدایەتی و دەوڵەمەندی کولتووری کوردی ڕێگاکەی ئاسان کردووە، تاکو بتوانێت زۆربەی بابەتە کولتوورییەکان لە ڕۆمانەکانیدا جێگر بکات، وەکو

دیکۆمێنتێکی ئەدەبی بۆ نەوەی نوێ و خوێنەر بگوازێتەوە، کە لە بۆتەی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکانی بە ڕێگای و دیالۆگ و مەنەلۆگ پیشانی خوێنەریان بدات. بە واتایەکی دی توانیویەتی مێژووی کورد وەکو دەقی ئەدەبی بۆ خۆێنەی ڕوون بکاتەوە.

3- گرنگدان بە کولتوور لە ڕۆمانەکانی ( هیدایەتی) بە تەواوەتی دیار و ڕوونە بابەتە بەها و نەریتە کولتووریەکانی زۆر بەفراوانی و بەگشتی کردووەتە ئامانجی ڕۆمانەکانی، وەک کەرستەیەکی خاو سوودی لێ وەرگرتووە، وەکو بەها و نەریتەکانی( ڕەدووکەوتن، بەشوودانی زۆرەملێ، ئازایەتی و بوێری ژنی کورد، خۆشەویستی، کەللەڕەقی، تۆڵەکردنەوە، پەیوەنی هاوڕێیەتی) بەباشی ڕەنگی داوەتەوە و بەجوانی ڕوون کراونەتەوە، وەکو تۆمارێکی گرنگن بۆ نەوەی ئایندە لە چوارچێوەی ڕۆمانەکانی جێگیری کردوون.

4- بە ئاشکرا دیارە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی ڕۆمانەکانی(هیدایەتی) واقیعی کۆمەڵگای کوردین و سەرجەم ڕەگەزەکانی پەیوەستن بە باری کۆمەلایەتی و مێژوویی تاکی کوردەوە، وەکو ڕەخنەگرێک واقیعی ڕەخنەی لەو بەها و نەریتانە گرتووە، کە وەکو کولتوورێکی نەریتی چەقبەستوو دەردەکەون و ڕێگە لە پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواری دەگرن.

## سەرچاوەکان

### یەکەم/ بەزمانی کوردی

#### ا/ کتێب


-هیدایەتی، سەید قادر(1397)، "تۆقی عەزازیل"، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی: سەقز.

-هیدایەتی، سەید قادر(1401)، "گابۆڕ"، چاپی دووەم، چاپخانەی خانی: سەقز.

-هیدایەتی، سەید قادر(1403)، "گۆڕەشار"، چاپی دووەم، چاپخانەی خانی: سەقز.

-هیدایەتی، سەید قادر(1402)، "بەردینە"، چاپی سێیەم، چاپخانەی خانی: سەقز.

-ئامێدیان، فەخرەدین.(2013)، "فەرهەنگی شیکاری زاراوەکانی کۆمەڵناسی"،ناوەندی چاپی شەمیمی: سنە.

-ئەکادیمیای کوردی (2012)، زاراوەی کارگێڕی، لیژنەی فەرهەنگ لە ئەکادیمیای کوردی ، چاپخانەی هاجی هاشم: هەولێر.

-بایەزیدی، مەلا مەحموودی(1983)، "داب و نەریتی کوردەکان"، و/ شکریە روسول، چاپخانەی معارف: بەغدا.

-حەسەن، سەمیر ابراهیم(2011)، "کولتوور و کۆمەڵگا"، و/ عەبدوڵلا مەحمود زەنگەنە، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی: کەرکوک.

-خەلیقی، حسین (1992)، "کۆمەڵناسی کوردەواری"، بەرگی یەکەم، چاپخانەی الحوادث: بغداد.

-خاڵ، شێخ محەمەد(2005)، "فەرهەنگی خاڵ"،چاپی دووەم ، دەزگای چاپ و بلاۆکردنەوەی ئاراس: هەولێر.

-زێباری، تاهیر حەسۆ، شوانی،محەمەد حوسێن(2013)، "دەروازەیەک بۆ کۆمەڵناسی، سلێمانی"، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم: سلێمانی.

-عەزیز، عومەر ئیبراهیم(1988)، "هەندێ داب و نەریتی کۆنی کوردەواری"، مطبعة الجاحظ: بغداد.

-میراودەلی، د.کەمال(2021)، "ئەدەبناسی، ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی حەفتاکان"، مێخەک تاران: تاران.

- موحسنی، مەنوچیهر(2002)، "دەروازەکانی کۆمەڵناسی"، وەرگێڕانی، ڕێبوار سیوەیلی، موسلح ئیروانی، موراد حەکیم، دارا سوبحان، ئەبوبەکر عەلی، دڵشاد حەمە، تەحسین تەها، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریان: هەولێر.

-محەمەد، د.کامەران(2007)، "کەلتوور لە نێوان وەرگرتن و ڕەتکردنەوەدا"، چاپخانەی ڕۆما: سلێمانی.

-نورەدین، بوار(2007)، "ڕەدووکەوتن لە کەلتووری کوردیدا"، چاپی دووەم ، چاپخانەی ئاراس: هەولێر.

-هەژار، عبدالرحمن شرفکندی(1369)، هەنبانەبۆرینە"فرهنگ کردی-فارسی"، بەرگی یەکەم، چاپخانەی سروش: تهران.


#### نامەکان


-احمد، نەورۆز فاروق(2023)، "فرە کولتووری لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا(2000-2010)"، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی پەروەردە، بەشی کوردی.

-عبید، ئەرخەوان محمد(2014)، "دیاردە کولتوورییەکان لە (مەم وزین)ی ئەحمەدی خانیدا"، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، بەشی کوردی.


#### ب/ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان


-شوانی، د. محمد(2010)، "چەمکی کولتور"، گەزەنگ، لقی نوسەرانی کەرکوک، ژ8 کانوونی یەکەم.

-عیسا، محەمەد(2009)، "سێکس وەک خوازە لە نێوان هونەری شێوەکاری و ڕۆماندا". و/ دلشاد ئەنوەر عەلی. گۆڤاری کاروان. ژ 240.

- میران، ڕەشاد سەبری(2021)، "ئافرەت لە کولتووری کوردیدا"، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ 48، هەولێر.

**دووەم/ بەزمانی عەرەبی**

**ا/ کتێب**

–اليوت.ت.س(2001)، "ملاحظات نحو التعريف الثقافة"، ترجمة و تحقيق" ترجمة/ شكري عياد، ط1، الهيئة المصرية العامة للكاتب: القاهرة.

–الرشيدى، بشير صالح واخرون(2004), "الموسوعة العلمية للتربية"، مؤسسة الكويت للتقدم العلمى: الكويت.

–كوشى، دونيس(2007). "مفهوم الثقافة فى العلوم الاجتماعية"، ترجمة/ منير السعيدانى، مركز دراسات الوحده العربية: بيروت.

–فيبر، ماكس(2011)، "مفاهيم اساسيه فى علم الاجتماع"، ترجمة/ صلاح هلال، المركز القومى للترجمة: القاهرة.

– ناصر، ابراهيم عبدالله(2004)، ،"اصول التربية الوعى الانسان"، الرائد العلمية: عمان.

**التقاليد الثقافية في روايات (سيد قادر هيدايتي)، كنموذج للبعد القيمي والتقليدي**

**ديار عبيد علي**
قسم اللغة الكردية، كلية تربية، جامعة صلاح الدين– اربيل،
أقليم كوردستان،عيراق
diyar.o.ali@su.edu.krd

**همداد حسين بكر**
قسم اللغة الكردية، كلية تربية، جامعة صلاح الدين– اربيل،
أقليم كوردستان،عيراق
hemdad.esmail@su.edu.krd

**المخلص**

التقاليد الثقافية في روايات (سيد قادر هيدايتي)، كنموذج للبعد القيمي والتقليدي، هو بحث علمي أستخدم روايات (هدايتي) الأربع كأدوات لهذه الدراسة. تم الإعتماد في البحث على منهج (النقد الثقافي) كمحاولة لإظهار العلاقة بين التقاليد الثقافية والرواية. تعد الثقافة واحدة من المفاهيم الشائكة التي حظيت بتاريخ طويل، واتخذت إتجاهات متباينة. إن القيم والتقاليد تتعرض للتغير، فالتقاليد القديمة تضمحل، وفي المقابل تحل محلها تقاليد جديدة.

وفي هذا البحث أثيرت بعض التساؤلات التي تمت إجابتها حسب الإمكان، ومن قبيل تلك التساؤلات ماهو مفهوم ومصطلح الثقافة؟ ما هي القيم والتقاليد؟ الى أية مدى إستطاع (سيد قادر هدايتي) توظيف مفاهيم القيم والتقاليد الثقافية في نصوص رواياته والإستفادة منها؟

وفي تحليل الروايات نستنتج أن القيم والتقاليد الثقافية قد ترسخت بشكل ملموس وأنه تم تسليط الضوء على قضية المرأة و ظاهرة التقاليد في المجتمع الكردي.

**الكلمات المفتاحية:** الثقافة، القيم، التقاليد، الرواية، هدايتي.

**The Cultural Traditions in the Novels of (Sayed Qadir Hedayati), As a Model of Value-Based and Traditional Dimensions**

**Diyar Obaid Ali**
Department of Kurdish language, College of Education,
Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
diyar.o.ali@su.edu.krd

**Hemdad Hussein Bakir**
Department of Kurdish language, College of Education,
Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hemdad.esmail@su.edu.krd

**Abstract**

The cultural traditions in the novels of Sayed Qadir Hedayati, as a model of value-based and traditional dimensions, is a scholarly research study that utilizes four of Hedayati's novels as a material for this research. This paper adopts the cultural criticism approach in an attempt to highlight the relationship between cultural traditions and the novel. Culture is one of the complex concepts that has undergone a long historical evolution, taking diverse directions. Values and traditions are subject to change—older traditions fade away, while new ones emerge in their place.

This research raises several questions, which have been addressed to the extent possible. Among these questions: What is the concept and definition of culture? What are values and traditions? To what extent has Sayed Qadir Hedayati incorporated the concepts of values and culture traditions into his novels and utilized them effectively?

Through the analysis of the novels, it is concluded that values and cultural traditions are deeply embedded in his novel texts, with a particular emphasis on the woman question and the phenomenon of traditions in Kurdish society.

**Keywords:** Culture, Values, Traditions, Novel, Hedayati.